
# ریفراندۆم پرۆسەیەکی ئاشتیانە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەی خاک و ناسنامە

## هەوڵێکی سەردەمیانە بۆ بەدەستهێنانی سەروەری و دروستکردنی دوو دەوڵەتی تازە







**نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگەی هەستکردن بە بوونی خۆی و تەنها لە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیدا دەتوانێت دەربڕینێکی گونجاو بۆ بوونی نەتەوەیی خۆی بەرجەستە بکات**

**ماکس ڤیبەر بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی**



**بیری نەتەوەیی پێش هەموو ئەو پرانسیپەیە کە یەکێتیی سیاسیی و نەتەوەیی هاوتای یەکتری دەکات، لەسەر بنەمای ئەو ناسنامە دەستەجەمعییە دادەمەزرێت کە رەگ و ریشەی خۆی لە مێژوودا داکوتابێت، ئەم دامەزراندانە بە هێما نەریتیەکانی کۆمەڵگە پشتگیری لێدەکرێت، نەتەوە بە خاکێکەوە گرێدراوە کە لە نەتەوەکانی دیکە جیای دەکاتەوە**

**ئەرنست گوولنەر بیرمەندی چیکی. بەریتانی**

**● بەڵێی ریفراندۆم . بەڵێیە بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی خاك و ناسنامە بە دیالۆگ**

لە ١٩٩٢/١٠/٤ کاتێك پەرلەمانی کوردستان بڕیاری فیدرالیزمی لەسەر بنەمای دیاریکردنی سنووری جوگرافی و مێژوویی کوردستانی باشوور و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ حکومەتی دوای رژێمی بەعس پەسند کرد، جگە لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە هەمانکاتدا دەوڵەتانی دراوسێ و عەرەبیش دژی ئەوەبوون کوردستان بڕیاریداوە لەگەڵ حکومەتی پاش رژێمی بەعس، لەسەر بنەمای فیدرالیزم واتە (یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە) لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، ئەوکات پێیان دەگوتین فیدرالی واتە جیابوونەوە لە عێراق و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەڵام خودی مانای چەمکی فیدرالی بە عەرەبی (الاتحاد) و بە کوردی مانای (یەکێتی) یە، بەڵام لەبەر ئەوەی چەمکی یەکێتی ئارەزوومەندا یان (الاتحاد الاختیاری) وەك گرێبەستێکی هاوسەنگە لەسەر بنەمای دانپێدانانی مافی بەرامبەر، بۆ پێکەوە ژیانی دوو لایەن یان زیاتر و ئەوانیش بڕوایان بە بنەمای هاوسەنگی و ماف نەبوو، بۆیە لەبری ئەوەی چەمکی فیدرالی بەمانای یەکێتی و (الاتحاد) وەربگرن، بەپێچەوانەوە بە مانای جیابوونەوە و (الانفصال) لێی تێگەیشتبوون.

سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاتێك بەشدارییەکی کارای لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا کرد، باش دەیزانی کە مەحاڵە ئەقڵیەتی عەرەبی عێراق پابەندبێت بەو دەستوورەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆباڵی شکستی حوکمرانی و پارچەپارچە بوونی عێراق نەکەوێتە ئەستۆی کورد و کوردستانییەکان، نەك هەر نەبوونە بەشێك لە کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، بەڵکو بوونە لایەنێکی میانگیر بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت و دەستوورەکەش جێ بەجێ بکرێت. بەڵام نەتوانرا دەستوورەکە جێ بەجێ بکرێت و نە توانراش رێگە لە پارچەپارچە بوونی عێراق بگیرێت. بەڵام عێراق لە ئاکامی ئەوە پارچەپارچە نەبوو کە کوردستان داوای

سەربەخۆیی دەکات، بەڵکو عێراق لە ئاکامی سیاسەتی شیعەگەرایی حکومەتەکەی مالیکی و پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە پارچەپارچە بوو و سەرەنجامیش کار گەیشتە ئەوەی بەشێکی زۆری عەرەبی سوننە پشتگیری کردنیان لە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە حکومەتە دیموکراتییەکەی نوری مالیکی پێ باشتر بوو. لەبەرامبەریشدا وێڕای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر کوردستان و خافڵگیرانە چەند ناوچەیەکی دوورەدەستی وەك شنگالی داگیرکرد و کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی دژی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان وەك تورکمان و کریستیان ئەنجامدا، بەڵام لەناو گەرمەی شەڕی داعش، جیا لە ئازادکردنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێردەستی داعش لە هەمانکاتیشدا سنووری جوگرافی و مێژووی کوردستان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە و حکومەتی عێراق بە میانگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ریککەوتنی سەربازی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ناوچە کوردستانییە ئازادکراوەکانی ژێردەستی پێشمەرگە ئیمزا کردووە. ئەمەش مانای ئەوەیە شەڕی دژی داعش ئەمری واقیعێکی جوگرافیایەکی سەربازی بەسەر هەموو لایەکدا (حکومەتی عێراق، دەوڵەتانی دراوسێ، دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش) فەرزکردووە و دەبێت لەسەر زەمینەی ئەم ئەمری واقیعەوە هەنگاو بۆ چارەسەر و میکانیزمی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی عێراق بە گشتی و پەیوەندیی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق هەڵبگرن.

ئەو خەڵکانەی لە ئەمری واقیعە سەربازییەی دوای شەڕی داعش تێدەگەن، هەموویان بە (ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داشەوە) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هیچ چارەسەرێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ رێکخستنەوە و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراق بوونی نییە، جگە لەوەی کە دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بەتایبەتی (کوردستان و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) خۆیان بە وتووێژ و دانوستاندن بگەنە شێوازێك لە رێککەوتن بۆ ئەوەی ئەو رێککەوتنە ببێتە نەخشەی رێگە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی نێوماڵی عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە، هەروەها رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراقیش.

کەواتە ئێستای عێراقی دوای داعش بە قۆناخێکی راگواستن دەچێت لە عێراقە کۆنەکەی سایکس پیکەوە بۆ عێراقێکی دیکە کە تیایدا رەگ و ریشەی فیکری داعشی تێدا هەڵبکەنرێت و ئاشتی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ عێراق و تەواوی ناوچەکە.ئەمەش وەك ئەو قۆناخە راگوزەرییەی لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام حوسێنەوە دەستی پێکرد و، بۆ ئەو قۆناخی دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێنیش، وەك هەموو لایەك بینیمان عێراقی تازە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە بڕیاری ٤ی ١٠ی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستان دووبارە رێکخرایەوە و لەمەش زیاتر چەند هەوڵی ئەوە درا کە شێوازی دەوڵەتی فیدرالیی عێراق لەسەر بنەمای جوگرافی و مێژووی بگۆڕێت بۆ بنەمای فیدرالییەتی ئیداری، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان پێداگیری کرد و سەرەنجامیش، عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن، هەر لەسەر ئەو بنەمای بڕیاری پەرلەمانی کوردستان و خواستی گەلی کوردستان بونیادنرایەوە و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ عێراق بەو جۆرە نووسرایەوە کە لەگەڵ ئەمری واقیعی ساڵی ٢٠٠٣ی هەرێمی کوردستان بگونجێنرێت، نەك هەرێمی کوردستان خۆی لەگەڵ دەستوری عێراقدا گونجاندبێت.

بۆ ئێستای دوای شەڕی داعش و دووبارە رێکخستنەوەی عێراق، بێگومان دەبێت ئەمری واقیعی ٢٠ی ١١ی ٢٠١٦ لەبەرچاو بگیرێت، ئەمەش واتە ئەو رۆژەی کە سەرۆك مسعود بارزانی لە باشیك پەیامی رزگارکردنی تەواوی ئەو ناوچانەی دا کە لە چوارچێوەی هاوپەیمانی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بڕیاری لەسەر درابوو، بۆیە هەر میکانیزمێك بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی کوردستان و عێراق بۆ قۆناخی دوای شەڕی دژی داعش بدرێت، دەبێت وتووێژ و دانوستاندنەکان لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنە سەربازییە بێت کە بۆ

**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاتێک بەشدارییەکی کارای لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا کرد، باش دەیزانی کە مەحاڵە ئەقلیەتی عەرەبی عێراق پابەندبێت بەو دەستوورەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆباڵی شکستی حوکمرانی و پارچەپارچە بوونی عێراق نەکەوێتە ئەستۆی کورد و کوردستانییەکان، نەک هەر نەبوونە بەشێک لە کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، بەڵکو بوونە لایەنێکی میانگیر بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت و دەستوورەکەش جێ بەجێ بکرێت**

**کوردستان وەک ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیع بێت یان بەفەرمی و ئاشتیانە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دەوڵەتی عێراقی عەرەبی نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو سیستمە سیاسییەی لە کوردستاندا بوونی هەیە و پیادە دەکرێت، ناکرێت و ناشێت تێکەڵی سیستمی سیاسیی شکستخواردووی عێراق بکرێتەوە**

**ئێستای عێراقی دوای داعش بە قۆناخێکی راگواستن دەچێت لە عێراقە کۆنەکەی سایکس پیکۆوە بۆ عێراقێکی دیکە کە تیایدا رەگ و ریشەی فیکری داعشی تێدا هەڵبکەنرێت و ئاشتی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ عێراق و تەواوی ناوچەکە. ئەمەش وەک ئەو قۆناخە راگوزەرییەی لەدوای رووخانی رژێمی بەعس و سەدام حوسێنەوە دەستی پێکرد**

ئازادکردنەوەی شاری موسڵ ئیمزا کراوە.

بۆ ئێستای کوردستانی باشوور کۆمەڵێك پرسی تازە هاتوونە پێشەوە کە جیاوازە لە واقیعی دوای ٢٠٠٣ کە ئەوکات کوردستان بڕیاریدا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی و پەرلەمانی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، ئەوکات سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان پێی وابوو، بە رووخانی رژێمی بەعس و، پیادەکردنی فیدرالی و دیموکراتی لە عێراقدا، شێوازێك لە گۆڕینی ئەقلییەتی عەرەبی عێراقی بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق دێتە ئاراوە، هەروەها لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە فیدرالی و دیموکراتییەدا، لەبەر ئەوەی عەرەبی شیعە زۆرینەن، ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی عەرەبی شیعە دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەوانیش لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی عێراق، قوربانی دەستی سیاسەتی دیکتاتۆری بوون، ئەوا نابنە جەلاد و بە هەمان شێوە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵناگرن.

بەڵام دوای ئەوەی عەرەبی شیعە جێ پێی خۆیان لە دەسەڵاتدا جێگیر کردو پاشانیش هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە، ئەوا ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن لەماوەی ٣٥ ساڵەدا دژی شیعەی عەرەب کردبووی، نوری مالیکی لە تەنها ٣ ساڵدا زۆر لەوە زیاتری پێکردن، هەروەها ئەوەی بەدرێژایی نزیکەی ٨٠ ساڵی رابردوو تەواوی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بەرامبەر بە کوردستان نەیانکردبوو، حکومەتەکەی مالیکی بە بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان و، هەروەها بڕینی بودجە و مووچەی پێشمەرگە و حساب نەکردنی وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق لەکاتی شەڕی دژی داعشدا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاوکارییەکی ناڕاستەوخۆ داعش بوو بۆ ئەوەی ئەزموونی کوردستان بڕووخێنێت و داگیر بکات.

بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، نەك تەنها سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، بەڵکو ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشیش، گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە عێراقی دوای داعش بەو دەوڵەتە فیدرالییە رێکناخرێتەوە کە دەستوورەکەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدرالی بەغدای دیاریکردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیستمی فیدرالی عێراق و دەستوورەکەشی لەسەر بنەمای (دابەشکردنی دەسەڵات و دابەشکردنی داهات) دامەزراوە و عەرەبی شیعەی عێراق کە دەسەڵاتدارە ئێستا لە عێراقدا ئەم دوو بنەمای هەردووك پێشێل کردووە و چیدیکە دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی فیدرالی و یەکپارچەی خاوەن یەك دەستور نییە.

لەم خاڵەوە کە ئامانجی ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش ئەوەیە، دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، ئاشتی و سەقامگیری بێتە ئاراوە، ئەوا ئەم ئامانجە لای ئەوانیش بەو شێوەیە پەسەندە کە بزانن، کوردستان و عێراق چۆن لەسەر ئایندەی خۆیان وتووێژ دەکەن.

بۆ ئەم پرسە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ پاش ئەوەی نوری مالیکی سەرۆکی حکومەتی پێشتری عێراق، تەواوی رێککەوتننامەی هەولێری بۆ پێکهێنانی حکومەتی پێشێلکرد، بە ئاشکرا جیهانی ئاگادار کردەوە کە جارێکی دیکە کوردستان نابێتە پاشکۆی حکومەتێکی دیکتاتۆری، ئەگەر حکومەتەکەی نوری مالیکی هەر بە ئاراستەی دیکتاتۆرییەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناچار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان ئەو هەر بڕیارێك بدات، هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام نەك هەر نوری مالیکی خۆی راست نەکردەوە، بەڵکو هەنگاوی گەورەتری دیکتاتۆرییانەی هەڵگرت کە ئەویش سزادانی گەلی کوردستان بوو بە بڕینی بووجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بڕاوە، بۆیە ئێستا کە جارێکی دیکە کەوتووینەوە هەمان قۆناخی راگواستن بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراق، ئەوا دەبێت گەلی کوردستان بڕیار بدات، ئایا پەیوەندییەکانی داهاتووی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا چۆن دەبێت، بێگومان هەموو جیهان گەواهی ئەوەدات، کە ئەزموونی دەوڵەتی فیدرالی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق شکستی هێنا، بۆیە گەلی کوردستان سوورە لەسەر ئەوەی نابێت جارێکی دیکە ئەزموونێکی

شکستخواردوو دووبارە بکرێتەوە، لەبەر ئەمە گەلی کوردستان کە ئامانجی ئەوەیە شەڕ و ئاژاوە کۆتایی بێت و ئاشتی و سەقامگیری باڵ بەسەر کوردستان و عێراقدا بکێشێت، لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بڕیاری خۆی دەدات، بڕیارەکەش ئەوە دەبێت، ئەگەر نەمانتوانییێت دوو هاوبەشی سەرکەوتوو بین لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، با هەوڵبدەین دوو دراوسێی باش بین لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتدا.

**● لۆژیك و چوارچێوەی پرۆسەی ریفراندۆم ماناو ئامانجی پرۆسەکە دیاری دەکات**

یەکەم پرۆسەی ریفراندۆم دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا، لە ساڵی ١٧٧٦ لە ویلایەتی ماسۆشتێس بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدراوە و لە مێژووی حوکمڕانی ئەمریکاشدا لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە ١٠٠ پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجامدراوە، بەڵام تەنیا یەك ریفراندۆمیان بۆ یەکگرتنی ویلایەتەکان بووە کە ئەمریکای ئەمڕۆی لێ دروست بووە.

ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، ریفراندۆم بەرهەمی شۆڕشی ئەمریکایە و وەرچەرخانە لە پەنابردن بۆ شەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان، پەنابردنە بۆ میکانیزمێکی ئاشتییانە کە وەرگرتنی رای گەل یان خەڵکانێکی دیاریکراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجەی کە هەیانە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر گەلی ئەمریکا پەنای بۆ شەڕ و شۆڕش بردبێت بۆ ئەوەی لە گەلی بەریتانیا جیابێتەوە و سەربەخۆ بێت، ئەوا یەکەم ئەزموونی دوای ئەو شۆڕشە ئەوەیە کە ویلایەتێك دەیەوێت بە رێگەیەکی ئاشتییانە و بەرێگەی دیالۆگ و دانوستاندن بگاتە سەربەخۆیی. لە ئێستاشدا کە نزیکەی دووسەدە و نیو بەسەر یەکەم ئەزموونی ریفراندۆم وەك میکانیزمێکی ئاشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان تێدەپەڕێت، جارێکی دیکە ریفراندۆمی ئاشتییانە و وتویژ و دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆتەوە بە جێگەی بایەخی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە و بەرنامەی بڕیارسازانی جیهانی بۆ ئەوەی کێشەکانی پێ چارەسەر بکەن.

ئەنجامدانی ریفراندۆم، تەنها بۆ پرسی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سەروەریی نییە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەکاندا، گەلێك بوار و لایەنەی دیکەشی گرتۆتەوە لەوانە:

١. ریفراندۆم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان نەتەوەکان بەرێگەی دووبارە دابەشکردنەوەی سەروەریی لە نێوانیان و جیاکردنەوەیان لەچوارچێوەی دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا.

٢. ریفراندۆم بۆ یەکگرتنەوەی دوو نەتەوە، بۆ نموونە دەکرێت هەردوو کۆریای باکوور و باشوور بە ریفراندۆم یەکبگرنەوە، یان یەکگرتنەوەی دوو نەتەوەی جیاواز بە رێگەی ریفراندۆم لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین.

٣. ریفراندۆمی سەرووی نەتەوەیی بۆ وازهێنان لە هەندێك مافی سەروەریی لە پێناوی هاوپەیمانییەك یان یەکێتییەك، ئەمەش وەك هاوپەیمانی ناتۆ، یان فیدراسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا، ئەم جۆرە ریفراندۆمە هەم بۆ ئەندامێتییە لەو یەکێتی و هاوپەیمانییانە، هەمیش بۆ دەرچوونە لەو یەکێتی و هاوپەیمانییانە، لەوانە وەك دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا.

٤. ریفراندۆم بۆ رێکخستنی شێوازی حوکمڕانی و پەسەندکردنی دەستوور، کێشەی خاك لە نێوان دوو نەتەوە.

ئەم بەرچاو روونییە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە پرۆسەی ریفراندۆم هەموویان بۆ یەك ئامانج و یەك مەبەست ئەنجام نادرێن، بەڵکو لۆژیك و چوارچێوەی ریفراندۆمەکە، ئامانجی ریفراندۆمەکە دیاری دەکات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەو لۆژیکە بدەین کە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان داوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کردووە بۆ ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، دەبینین لەچەندین خاڵی هەمەجۆردا ئەو لۆژیکە چوارچێوەیەك بۆ ریفراندۆمەکە دروست دەکات کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

● کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کرد، ناچارین بگەڕێینەوە بۆ گەلی کوردستان و بزانین ئەوان چ بڕیارێك دەدەن، ئەمە ئەو کاتە بوو کە حکومەتی نوری مالیکی پابەند نەبوو بەو ١٩ خاڵەی رێککەوتنی هەولێر

**لەو کاتەوەی رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشانکراوە، گرووپێک لە هەرزەکاریی سیاسی بانگێشە بۆ نەخێر دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەبری ئەوەی ئاراستەی قسەکانیان وەک بەشێک لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا بێت، زۆر هەرزانە کەوتوونەتە ویزەی حکومەتی خۆیان کە حکومەتی کوردستانە**

**ئەنجامدانی ریفراندۆم، تەنها بۆ پرسی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سەروەریی نییە بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەکاندا، گەلێک بوار و لایەنەی دیکەشی گرتۆتەوە**



لەنێوان تەواوی لایەنە عێراقییەکاندا، کە ئامانج لەو ڕێککەوتنە چەسپاندنی بنەمای دەوڵەتی تازەی عێراق بووە، وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، هەنگاوهەڵگرتن بووە بەرەو پێشێلکردنی دەستوور و دیکتاتۆریەت لە عێراقدا، ئەم لۆژیکە ئەوەمان پێدەڵێت، لەو کاتەوەی حکومەتی دەسەڵاتدارانی شیعە بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاوی هەڵگرتووە، لۆژیك و چوارچێوەی ریفراندۆمی کوردستان دیاریکراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئامانجی ریفراندۆمی کوردستان بۆ ئەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە کوردستان و عێراق ببنە دوو دراوسێی باش.

● خاڵێکی دیکە سەبارەت بە لۆژیك و چوارچێوەی ریفراندۆمی کوردستان ئەوەیە، کە جارێکی دیکە ناکرێت و ناشێت، کوردستان وەك بەشێك لە عێراق، پشت بەو بەشە بودجەی عێراق ببەستێت، یان بۆ پاراستنی کوردستان



پشت بە سیستمی بەرگریی عێراق ببەستێت، بۆیە بژێویی و پاراستنی خەڵکی کوردستان وا دەخوازێت کە کوردستان ژێرخانی ئابووری و بەرگریی سەربەخۆی هەبێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە لەگەڵ حکومەتی عێراق وتووێژ و دانوستاندنی جیددی بکات لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی سەروەریی بۆ ئەوەی کوردستانیش ببێتە خاوەنی سەروەریی خۆی و بتوانێت هەردوو ژێرخانی ئابووری و سەربازی بۆ خۆی دابین بکات.

● کوردستان وەك ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیع بێت یان بەفەرمی و ئاشتیانە ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر دەوڵەتی عێراقی عەرەبی نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو سیستمە سیاسییەی لە کوردستاندا بوونی هەیە و پیادە دەکرێت، ناکرێت و ناشێت تێکەڵی سیستمی سیاسیی شکستخواردووی عێراق بکرێتەوە، هەروەها ئەو پرۆسەی

**ئەو خەڵکانەی لە ئەمری واقیعە سەربازییەی دوای شەڕی داعش تێدەگەن، هەموویان بە ( ئەمریکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داشەوە) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هیچ چارەسەرێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بۆ ڕێکخستنەوە و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراق بوونی نییە**

**سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کاتێک بەشدارییەکی کارای لە نووسینەوەی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥دا کرد، باش دەیزانی کە مەحاڵە ئەقڵیەتی عەرەبی عێراق پابەندبێت بەو دەستوورەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئۆباڵی شکستی حوکمڕانی و پارچەپارچە بوونی عێراق نەکەوێتە ئەستۆی کورد و کوردستانییەکان، نەک هەر نەبوونە بەشێک لە کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، بەڵکو بوونە لایەنێکی میانگیر بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت و دەستوورەکەش جێ بەجێ بکرێت**

ریفۆرمەی لە کوردستان دەستی پێکردووە، ناتوانرێت بە هەمان ئاست لە عێراقیش پیادە بکرێت، لەسەروو هەمووو ئەمانەشەوە بوونی کوردستان لە دەوڵەتێکی ئەمری واقیعەوە بۆ دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی فەرمی، خزمەتێکی گەورە بە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان شیعەو سوننە دەکات و عێراق دەبێتە یەکەمین دەوڵەت لەناو ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە، کێشەی کوردستانی نامێنێت، نەمانی ئەم کێشەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی، پرسی قەومییەتی عەرەبی، عەرەبی شیعە و سوننە باشتر پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەگەر عێراقی عەرەبی بتوانێت خۆی لەژێر هەژموونی ئێران بێنێتە دەرەوە و زیاتر هەنگاو بەرەو خۆنزیککردنەوە لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو عەرەبی هەڵبگرێت.

● حکومەتی ئێستای عێراق و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق، لەهەمبەر لۆژیك و چوارچێوەی ریفراندۆمی کوردستان، کەوتوونەتە هەڵوێستێکەوە کە ناتوانن سنووری ئەو لۆژیك و چوارچێوەیە ڕەتبکەنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر پرۆسەیەك بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراق لە نێوان کوردستان و عێراق لە شاهیدی و میانگیری ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان و نەتەوە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە، هیچ کام لەو دەوڵەتانە و نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناتوانن، پێداگیریی لەسەر ئەوە بکەن کە جارێکی دیکە پەیوەندیی نێوان کوردستان و عێراق لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدرالی ڕێکبخرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، سیستمی سیاسیی حکومەتی عێراق تەواو بەرگی فیدرالی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی لەخۆی داماڵیوە و باردۆخی سیاسیی عێراق و کاریگەریی نفوزی ئێران لەناو هێزە سیاسییەکانی شیعە، بواری ئەوە نادات، جارێکی دیکە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی و پەرلەمان و تەوافوقی و دیموکراتی و هاوبەشی راستەقینەوە، هەر لەم حاڵەتەدا پاراستنی وەزعی راهینی پرۆسەی سیاسی بۆ عەرەبی شیعە لەوە باشترە کە بگەڕێتەوە بۆ دەستووری ٢٠٠٥ و دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بۆیە ئەگەر حکومەتی شیعەی عێراق بە تەنگ ئەوەوە بوایە کە پارێزگاری لە عێراق بکات و لە هەوڵی ئەوەدا بوایە کە سیستمە سیاسییەکەی لەسەر دەستووری ٢٠٠٥ ڕێکبخاتەوە، ئەوا دەیتوانی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دیاریکراوەکانی حکومەتی فیدرالی عێراق، پەیامی خۆی ئاراستەی گەلی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لەبری تەنیا بژارەی سەربەخۆیی، بژارەی هاوبەشیکردنی راستەقینەی لەگەڵ عێراقدا لەبەر دەست بوایە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتدارانی شیعە ناتوانن ئەو هەنگاوە هەڵبگرن، ئەوا دەبینین، لەچوارچێوەیەکی گشتیدا ریفراندۆم ڕەتدەکەنەوەو بەشێوەیەکی کردەییش هیچ هەنگاوێك هەڵناگرن کە ئەو کێشانەی پێویستیان بە دانوستاندن نییە وەك (گێڕانەوەی بودجە و مووچەی کوردستان، گێڕانەوەی بودجە و مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە لەچوارچێوەی بودجەی سەروەریی عێراق، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و دانپێدانان بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم وەك بەشێك لە جوگرافیا و سنووری کوردستان، هەربۆیە کاتێك حکومەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی دراوسێ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات، ئەوا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراقە کە کوردستان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجامبدات.

● دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، بەتایبەتی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران، خۆیان زۆر باش دەزانن، کە ئەوان ناتوانن ببنە میانگیرێکی باش بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراق، ڕێکخستنەوەی عێراق بەو شێوەی لە دەستووری ٢٠٠٥ ئاماژەی پێکراوە، ئەگەر تا ئاستێك لە بەرژەوەندیی تورکیا نەبێت، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی مەدەنیی ئەوتۆ کە دەسەڵاتی مەرجەعییەتی شیعە لە دەسەڵاتی حکومڕانی مەدەنی جیاکرابێتەوە، ئەمە بۆ ئێران مانای ئەوەیە کۆتایی خەونی مەددی شیعەگەرایی یان هیلالی شیعە، بەڵام ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوکات ئێران باشتر لە ڕێگەی وەکیلەکانییەوە دەتوانێت پارێزگاریی بە نفوزی خۆیەوە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بکات، لەم حاڵەتەشدا کە شیعەی

عێراق بەپێی سیاسەتی ئێرانی مامەڵە لەگەڵ عەرەبی سوننەی عێراق دەکات، ئەوا هەموو کات مەترسییەکی ئاشکرا لەسەر شیعە دەبێت و، لەم حاڵەتەشدا مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف ناتوانێت فەتوا بدات و سنوورێك بۆ وەکیلەکانی ئێران لەناو هێزە سیاسییەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دابنێت.

● سەبارەت بە بەرژەوەندیی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، لەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، بێگومان، مەترسیی سەرەکیی ئەوان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوە نییە کە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە لەگەڵ ئامانجی شەڕی دژی داعش یەکناگرێتەوە، بەڵکو ئەوانە لەو گۆشە نیگایەوە سەیری دەکەن، ئەگەر لەئێستا دەوڵەتی کوردستان رابگەیەنرێت کە هێشتا شەڕی داعش لەناوچەکانی عەرەبی عێراقی کۆتایی نەهاتووە، ئەوا لەم حاڵەتەدا عێراقی عەرەبی دەبێتە دیارییەکی گرنگ بۆ ئێران، بۆیە ئەوان دەخوازن کورد ببێتە فاکتەرێك بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و دامەزراندنەوەی حکومەتی عێراق دوور لە کاریگەریی نفوزی ئێرانی، بۆ ئەمەش دەیانەوێت، د.حەیدەر عەبادی بە پشتگیریی رەوتی سەدر و مەرجەعییەتی نەجەف جارێکی دیکە ببێتەوە سەرۆك وەزیران و لەرێگەی حکومەتە تازەکەی عەبادییەوە، ئەو هێز و لایەن و سەرکردەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە پرۆسەی سیاسی عێراق دووربخرێنەوە، هەر بۆیەشە داوا دەکەن ئەم پرۆسەیە دوابخرێت، بەڵام بەراشکاوی لە چوارچێوەی هەڵوێستێکی فەرمی و نووسراوە ئەوەیان دیاری نەکردووە کە تاکەی دوابخرێت، بۆیە ئەگەر وەك پارێزگاری کەرکوك دەڵێت، ئەوا راشکاوانەو بە نووسراو و فەرمی، کورد لەوە دڵنیا بکەنەوە کە ئەوان پشتگیریی لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان دەکەن و ئامادەن دوای ئەو ماوەیەی کە دایدەنێن، پشتگیریی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بکەن، لەوانەیە ئەنجوومەنی باڵای ریفراندۆم بتوانێت لەم چوارچێوەیەدا وتوێژ یان دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا یان دەوڵەتانی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی داعش و نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، بەڵام ئەمەش گەرەنتی سەدلەسەد نییە، چونکە لە هەموو حاڵەتیکدا ئەم پرسە پەیوەستە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە و ئەوان دەتوانن بڕیاری لەو جۆرە بدەن.

ئەم خاڵانە کە لۆژیك و چوارچێوەی ریفراندۆمی کوردستان بۆ بڕیاردان لەمافی چارەنووس دیاری دەکات، ئێستا لای جیهان ئاشکرایە و تێکڕای جیهانیش بژارەی دیکەیان لەبەر دەستدا نییە بۆ ئەوەی گەلی کوردستان بەوە قایل بکەن، کە لەنێوان دوو بژارەی تارادەیەك لێکنزیکدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بەڵام وەك ئەوەی پێی دەڵێن تەحسیل حاسڵ، جارێکی دیکە ناتوانن پشتگیری یان گوشار لەسەر ئەوە بکەن کە کوردستان ببێتەوە بە بەشێك لە عێراق. بەڵکو داوای ئەوە دەکەن عێراق رێکبخەنەوە پاشان کوردستان بڕیاری خۆی بدات، بۆ ئەمەش کوردستان کە هەرگیز دەرگای لێکتێگەیشتن و وتووێژی بە رووی هیچ پرسێکدا دانەخستووە، پسپۆران پێیان وایە ئەگەر ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان بە شێوەیەکی فەرمی و نووسراو گەرەنتی بدەنە کوردستان، لەوانەیە کوردستانیش وەڵامێکی ئیجابیان بداتەوە، بەڵام ئەگەر هەر قسە بێت، ئەوا ئەمجارەیان گەلی کوردستان بڕیاری خۆی دا و لە بڕیاری خۆشی پاشگەز نابێتەوە.

## ● دیالۆگی ریفراندم

### لەنێوان نەتەوەی بێ دەوڵەت و دەوڵەتی مەرکەزیدایە

لەو کاتەوەی رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشانکراوە، گروپێك لە هەرزەکاریی سیاسی بانگێشە بۆ نەخێر دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەبری ئەوەی ئاراستەی قسەکانیان وەك بەشێك لە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا بێت، زۆر هەرزانە کەوتوونەتە وێزەی حکومەتی خۆیان کە حکومەتی کوردستانە و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە بە خەڵکی کوردستان بڵێن دەوڵەتی مەرکەزی عێراق هیچ کەموکورتییەکی نییە و ئەوەی خراپە خەڵك وگەلی کوردستان و حکومەتەکەیەتی.

لە مێژووی پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەدا،

**شەڕی دژی داعش ئەمری واقیعێکی جوگرافیایەکی سەربازی بەسەر هەموو لایەکدا ( حکومەتی عێراق، دەوڵەتانی دراوسێ، دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش) فەرزکردووە و دەبێت لەسەر زەمینەی ئەم ئەمری واقیعەوە هەنگاو بۆ چارەسەر و میکانیزمی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەکانی عێراق بە گشتی و پەیوەندیی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق هەڵبگرن**

**لایەنێکی سەیر و سەمەرە لە قسەی ئەو هەرزەکارانە کە بەحساب بۆ ( نەخێر) دەکەن، راشکاوانەتر دەیانەوێت بڵێن مانەوە لەگەڵ عێراق لە سەربەخۆیی کوردستان باشترە، ئەوەیە، هیچکام لەو هەرزەکارانە توانای ئەوەیان نییە، باسی لایەنە باشەکانی مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بۆ خەڵکی کوردستان بکەن،**

هیچ یەکێتییەکی فیدرالی هێندەی فیدرالیەتی نێوان سکۆتلەندا و ئینگلتەرا دێرین و سەرکەوتوو نەبووە، گەلی سکۆتلەندا و ئینگلیز ماوەی ٣٠٧ ساڵە لەچوارچێوەی شانشینی بەریتانیادا بەیەکەوە دەژین، ئەو مافەی سکۆتلەندییەکان هەیانە، مافی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، سکۆتلەندا جیا لەوەی مافی ئەوەی هەیە دراوی نەختینەی خۆی چاپ بکات، لە هەمانکاتدا لە پاڵەوانییەتەکانی جیهاندا، هەڵبژاردەی سکۆتلەندا نوێنەرایەتیی سکۆتلەندییەکان دەکات و ئینگلتەرا، نوێنەرایەتیی ئینگلتەرا دەکات، هەر بۆیە ئەگەر سەرنج بدەن، هەرگیز لە جامی جیهانیی تۆپی پێدا، هەڵبژاردەی ئینگلتەرا وەك هەڵبژاردەی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا بەشداری ناکات بەڵکو وەك تەنیا وەك هەڵبژاردەی ئینگلتەرا.

ئاماژەکردن بە تایبەتمەندێتی بۆ بوونی دراوی نەختینە و هەڵبژاردەی وەرزشیی سکۆتلەندی بۆ ئەوەیە تێبگەین، بۆچی سکۆتلەندییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی ئەنجامدا؟ ئایا بۆچی رۆژی ١٨ی ئابی ٢٠١٧ جارێکی دیکە سەرۆك وەزیرانی سکۆتلەندا داوای لە حکومەتی لەندەن کردووە کە جارێکی دیکە سکۆتلەندا ریفراندۆم ئەنجامدەدات و وادەکەشی دیاری کردووە، تەنیا دوو رۆژ دوای ئەوەی بەریتانیا بە فەرمی لەیەکێتیی ئەورپا جیادەبێتەوە؟ دیارە لەساڵی ٢٠١٤ کاتێك دەنگی نەخێر بەسەر بەڵێ بۆ سەربەخۆیی سەرکەوت، لەبەر ئەوەبوو دێڤید کامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا دەرگای بۆ سکۆتلەندییەکان خستە سەر پشت، ئەوەی ئەوان لە مافی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان بە کەمی دەزانن، ئامادەیە هەمووی پڕبکاتەوە، هەروەها کێشەیەکی دیکە ئەوەبوو، ئەگەر سکۆتلەندا لە بەریتانیا جیابێتەوە، ئایا هەمان ئەو پێگەیەی دەبێت کە ئێستا لە چوارچێوەی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتیی ئەوروپا هەیەتی، یان ئایا پاوەندی ئیستەرلینی هەمان ئەو بەهایەی ئێستای بۆ دەمێنێتەوە کە بەشێکە لە شانشینی یەکگرتوو بە هاوشانی پاوەندی ئینگلتەرا، ئەمەش مانای ئەوەیە بژارەی سەربەخۆیی و بژارەی مانەوە لەناو شانشینی یەکگرتوودا، دوو بژارەی هاوشانی یەکتری بوون، هاووڵاتیانی سکۆتلەندا لەبەر رۆشنایی ئەم دوو بژارەیە بڕیاری خۆیان داوە، بەڵام ئێستا کە بەریتانیا ریفراندۆمی ئەنجامداوە بۆ ئەوەی لەیەکێتیی ئەوروپا بێتە دەرەوە، ئەوا سکۆتلەندییەکان جارێکی دیکە داوای ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی دەکەن تەنیا دوو رۆژ دوای ئەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا دێتە دەرەوە.

ئەم داواکارییە تازەیەی سکۆتلەندا، ئەوەمان پێدەڵێت پاش ئەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا دێتە دەرەوە، ئیدی هیچ هۆکارێك بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە سکۆتلەندا وەك بەشێك لە شانشینی یەکگرتوو بمێنیتەوە، بۆیە لە وڵاتێکی وەك سکۆتلەندا، ئەگەر دوو بەرەش هەبێت یەکیان بە بەڵی و ئەوی دیکەیان بۆ نەخێر، ئەوا هەردوو بەرەی (بەڵێ و نەخێر) بۆ داکۆکیکردنە لە بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی سکۆتلەندا، بەڵام لە حاڵەتێکی وەك کوردستان و عێراقدا، کە جگە لە بژارەی سەربەخۆیی حکومەتی عێراق هیچ بژارەیەکی دیکەی لەبەردەم گەلی کوردستاندا نەهێشتۆتەوە و تەنانەت حکومەتی بەغدا ئامادە نییە گوێ لە داوای چەند ساڵەی گەلی کوردستان بگرێت بۆ ئەوەی خۆی راستبکاتەوە، ئەوا بانگێشەکردن بۆ (نەخێر) بێجگە لە جاشایەتی بۆ دیکتاتۆریەتی سەپاندنی دەسەڵاتی شیعەگەرایی، لە هەموو هەستێکی نیشتمانی و نەتەوەیی داماڵراوە و ناچێتە چوارچێوەی رای جیاواز، یان بەراوردکردنی کوردستان بە سکۆتلەندا یان تەنانەت کیبوبیکییەکانی ناو کەنەداوە، کە ئەوانیش لە ساڵی ١٩٩٥ بڕیاریان دا لەچوارچێوەی یەکێتیی کەنەدادا بمێننەوە.

لایەنێکی سەیر و سەمەرە لە قسەی ئەو هەرزەکارانە کە بەحساب بۆ (نەخێر) دەکەن، راشکاوانەتر دەیانەوێت بڵێن مانەوە لەگەڵ عێراق لە سەربەخۆیی کوردستان باشترە، ئەوەیە، هیچکام لەو هەرزەکارانە توانای ئەوەیان نییە، باسی لایەنە باشەکانی مانەوەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق بۆ خەڵکی کوردستان بکەن، لەمەش زیاتر حکومەتەکەی حەیدەر عەبادیش هەتا ئێستا ئیعتوباری ئەوەی بۆ دانەناون کە دەستپێشخەرییەکیان پێشکەش بکات یان تەنانەت بە فەرمیش دەستخۆشی یان پشتگیریان لێ بکات، بۆیە کاتێك کۆمەڵێك هەرزەکار دەیانەوێت

**گەلی کوردستان هۆشیارە و ئەوانەشی بیانەوێت ژینگەی کەرنەڤاڵی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بشێوێنن، یان پشێوی و ئاڵۆزی بۆ مەبەستی جیاواز دروست بکەن، گەلی کوردستانیش هیچی لە گەلی فەرەنسا کەمتر نییە، کە دوای دامرکاندنەوەی ئاژاوەگێڕییەکانی ئایاری ١٩٦٨ی فەرەنسا، سەرانی ئاژاوەگێڕیی وڵات بەدەر کرد و رەگەزنامەی فەرەنسی لێسەندنەوە، ئەوە بڕیاری گەلی فەرەنسا بوو نەک حکومەتی فەرەنسا، ئەمجارەش گەلی کوردستان بڕیار دەدات نەک حکومەتی کوردستان**



رووی خۆیان ڕەش بکەن بۆ ئەوەی رووی حکومەتی عێراق سپی بکەنەوە، ئەوا حکومەتی عێراق خۆی زۆر باش دەزانێت کارێکی هێندە باشی بەرامبەر کوردستان نەکردووە هەتا رووی بەوان سپی بکرێتەوە، هەروەها دەشزانێت ئەگەر پشتگیری ئەو گروپە هەرزەکارە بکات هێندەی دیکە رقی خەڵکی کوردستان بەرامبەر عێراق زیاتر دەکات.

لە یەك دوو رۆژی دادێ کە بەفەرمی لیژنەی باڵای ریفراندۆمی کوردستان، هەڵمەتەکانی بۆ ماوەی مانگێك بۆ هاندان و جۆشدانی جەماوەری کوردستان بۆ (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی دەست پێدەکات، لەوانەی بەدەستی دەرەکی و پشتگیریی ئەملاو ئەولا هەوڵێك بدرێت لەسەر ئاستی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەنگی ئەو گروپە هەرزەکارە گەورەبکرێت و وەك بەرەی نەخێر رەنگ بداتەوە، بەڵام چەند لە رۆژەکانی هەڵمەتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی نزیکبینەوە و دەست بەهەڵمەتی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی بکرێت، بازنەی ئەو گروپە هەرزەکارە بەجۆرێك بچووك دەبێتەوە کە نەوێرن خۆیان پیشانی رای گشتیی کوردستان بدەن، تەنیا ئەوەندە نەبێت لەناو ستۆدیۆی ئەو کەناڵەی بۆیان دیاریکراوە یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆیان نمایش دەکەن، بۆ هەموو لایەك خەریکە بەتەواوەتی روون دەبێتەوە کە دەنگی نەخێر بۆ ریفراندۆمی سەرورێی و سەربەخۆیی، هەرگیز ناچێتە خانەی بیروڕای جیاوازە یان لەگەڵ وڵاتانی دیموکراتی هاوشێوەی کەنەدا و بەریتانیا بەراورد ناکرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا گەلی کوردستان هۆشیارە و ئەوانەشی بیانەوێت ژینگەی کەرنەڤاڵی ریفراندۆمی سەربەخۆیی بشێوێنن، یان پشێوی و ئاڵۆزی بۆ مەبەستی جیاواز دروست بکەن، گەلی کوردستانیش هیچی لە گەلی فەرەنسا کەمتر نییە، کە دوای دامرکاندنەوەی ئاژاوەگێڕییەکانی ئایاری ١٩٦٨ی فەرەنسا، سەرانی ئاژاوەگێڕیی وڵات بەدەر کرد و رەگەزنامەی فەرەنسی لێسەندنەوە، ئەوە بڕیاری گەلی فەرەنسا بوو نەك حکومەتی فەرەنسا، ئەمجارەش گەلی کوردستان بڕیار دەدات نەك حکومەتی کوردستان.



قەشە زیا

لە کەنیسەی ماریوسف لە مەترانییەی عەنکاوە بۆ (گوڵان):

# مەسیحییەکانیش وەک کورد متمانەیان بە پاشەڕۆژی عێراق نیە بۆیە پشتگیری لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکەین

# ئەگەر پێکەوەژیان مومکین نەبێت ئەوا ئاساییە کوردستان و عێراق ببنە دوو دەوڵەتی دراوسێ

**مەسیحییەکان پێکهاتەیەکی گرنگی کوردستانن، لەم ڕوانگەیەوە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لەلایەن کوردستانەوە کاریگەری لەسەر ئەوان دەبێت، هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەوانیش ئەو دەرفەتیان لەبەردەمدایە کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لە هەر بڕیارێکی چارەنووسسازدا کە بدرێت، وەك پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کە بڕیارە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ قەشە زیا لە کەنیسەی ماریوسف لە مەترانیەی عەنکاوە کرد؛ لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** خەڵکی کوردستان بەهەموو پێوەرە یاسایی و شەرعییەکان مافی بوون بە دەوڵەتیان هەیە، ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئاینی مەسیحی تا چ ڕادەیەك پاڵپشتی و پشتگیری ئەم مافە دەکەن؟**

- هەمیشە ئایین هەڵگری پەیامی خۆشەویستی و ڕێز بووە، خوای گەورە داوامان لێ دەکات بەرامبەر یەکتر باش بین، من وەکو پیاوێکی ئایینی مەسیحی زۆر تێکەڵ بە کاری حزبی و سیاسی نابم، بەڵام خوای گەورە ئەوەی پێداوین کە لایەنگیری خەڵك و نەتەوە چەوساوەکان بین و مرۆڤ خاوەنی کەرامەت و مافی خۆی بێت، بێگومان نیشتمان و دەوڵەتیش یەکێکە لەو مافانەی کە پێویستە هەوڵ و تەقەلای بۆ بدرێت، دەوڵەت وەکو پەرژینێکی پۆلایینە کە لە ناویدا هاونیشتمانیان هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەکەن، بەتایبەتی بۆ گەلێکی چەوساوەی وەکو گەلی کوردستان کە ئێمەی مەسیحیەکانیش لەدێر زەمانەوە لەسەر ئەم خاکەین و لە هەموو شۆڕش و ڕاپەرین و خۆشی و ناخۆشیەکاندا پێکەوە بووین، بیرمە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا کاتێك گوندەکانی کوردستان تێکدران بەهەمان شێوە گوندەکانی مەسیحیش بە کڵێساو شوێنە پیرۆزەکانیشەوە وێران و خاپوور کران و خانووی مەسیحییەکانیش وەکو کوردەکان تاڵانکران و تێکدران و خەڵکەکەی بەزۆر ڕاگوێزران، لە شۆڕشی ئەیلولەوە مەسیحییەکانی کوردستان هاوشێوەی هەموو نەتەوەو ئایینەکانی تری کوردستان بەشداربوون بۆ ئەوەی چیتر مافی گەلی کوردستان لەلایەن داگیرکارانەوە پێشێل نەکرێت. مەسیحییەکان نەك تەنیا بۆ گەلی کوردستان بەڵکو لەگەڵ هەموو نەتەوە و گەلێکدان کە چەوساوەن و داوای مافی خۆیان دەکەن، هەربۆیە ئێمەش پاڵپشتی و پشتگیری ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین بەتایبەتی کە خەڵکی کوردستان و مەسیحییەکانیش لە دۆخێکدان کە لەلایەك متمانەیان بە داواڕۆژی عێراق نەماوەو لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستانیش لە دۆخێکدایە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری دژواری بۆتەوە. کەوابێت پێویستە ئەم بارودۆخە، بەتایبەتی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، گۆڕانکاری بەسەردا بێت و ڕەوشەکە بەرەو باشتر بچێت. ئەوەتا لە کیشوەری ئەوروپا دەیان وڵات هەیە پێکەوە ئارام دەژین و یەك دراوی بەکار دەهێنن کە یۆرۆیە و

هیچ کێشەو گرفتێکیان لە نێوانیاندا نییە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە لێرە پێکەوەژیان زەحمەتە و لایەنی بەرامبەر پێکەوەژیان و شەراکەت قبوڵ ناکات، هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر کوردستان و عێراق نەتوانن پێکەوە بژین، ئەوا کوردستان ڕێگای سەربەخۆیی بگرێتەبەر و لە مەودوا هەردوو وڵات وەکو دوو دەوڵەتی دراوسێ ڕێز لەیەکتر بگرن.

*** ئایا ڕاوبۆچوونی پاپای فاتیکانیش بەهاوشێوەی پیاوانی ئایینی مەسیحی لە کوردستان پاڵپشتی مافی خەڵکی کوردستانن بۆ سەربەخۆیی، بەتایبەتی لە کاتی هەڕەشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان هەڵوێستی جوانی هەبوو؟**

- من ناتوانم بەناوی پاپای فاتیکانەوە قسە بکەم، بەڵام قەداسەتی پاپا پەیامی خۆشەویستی و ئاشتی بۆ هەموو گەلانی جیهانی هەیە، بەتایبەتی ئەو میللەتانەی چەوساوەو زوڵم لێکراون و داوای مافەکانی ئازادی و ئاشتی دەکەن، هەمووشمان بینیمان کاتێك تیرۆریستەکانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و ئەو هەرێمەی کە داڵدەی هەزارەها خێزانی مەسیحی و ئێزیدی و موسڵمانی دابوو چۆن پاپای فاتیکان داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بیپارێزن و هاوکاریمان بکەن، چونکە قەداسەتی پاپا زۆر دڵخۆشە بەو پێکەوەژیان و لێبووردەییەی ئێستا لە کوردستان بوونی هەیە و پێشوازی لەو هەموو ئاوارەو پەناهەندەیە کراوە. کاتێکیش چاویکەوت بە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەی سوپاسگوزاری و ستایشی بۆ خەڵك و حکومەتی کوردستان نارد کە لە رووی مرۆییەوە فریای ئەو هەموو لێقەوماوانە کەوتوون و لە کوردستان داڵدەیان داون، ئەمەش دوای ئەوەی کاتێك لە٢٠١٤ داعش شاری موسڵ و دەشتی نەینەوای داگیرکرد، خێزانە مەسیحییەکان روویان لە هەرێمی کوردستان کرد و تائێستاش زۆربەیان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون.

*** بوونی کلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە هەرێمی کوردستان تاچەند رۆڵی لە رووبەڕووبوونەوەی فکری توندڕەویی و مەزهەبی هەبووە ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کلتوورە دەوڵەمەندتر بکرێت؟**

- ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی مەسیحی دڵخۆشین بەو تەباییەی لە ناو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە کوردستان هەیە، هەموومان لەژێر چەتری کوردستان کۆبووینەتەوەو بەئازادی رێورەسمی ئاینی خۆمان بەڕێوە دەبەین، مەسیحییەکان لەهیچ سەردەم و رۆژگارێکدا مەترسی و هەڕەشە نەبوونە بۆ سەرهیچ نەتەوەو ئاینزایەك تەنانەت ئەگەر زوڵمیشیان لێکرابێت ئەوان هەر جەخت لەسەر ئاشتی دەکەنەوە. ئێمە بەهیچ شێوەیەك نکۆڵی لەوە ناکەین کە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئێمە لێرە هەست بەئارامی و ئاسایش دەکەین و لەسایەی پێکەوەژیاندا ژیان بەڕێ دەکەین، بەڵام ئەمە بەس نییە، چونکە ئاشکرایە ئێمە لەناوچەیەکی پڕ لەکێشمەکێش و ململانێی حزبی و تایەفەگەریدا دەژین، کە ئێستا ئەمە قۆناغێکی هەستیارو ناسکە کە ناوچەکەو هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت. بەهێزکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و دووركەوتنەوە لە توندڕەوی پێویستی بە هەماهەنگی نێوان هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلام هەیە، کە بنەما سەرەکیەکانی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلامی جەخت لەسەر لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی و برایەتی نێوان نەتەوەو ئاینزاکان دەکەنەوە، دەبێت ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەرانی بۆ خێزان و گەنجەکانمان دابین بکەین. هەروەها پێویستە سنوورێك بۆ ئەو هەموو گوتارە توندڕەوە ئاینییە دابنرێت کە هۆکارێکن بۆ بڵاوکردنەوەی هزری توندڕەویی ئاینی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەکەمان. دواتر ئێمە دەزانین کە هەمیشە کێشە و ناکۆکی دێنەئاراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕێگای گفتوگۆ و دانوستان بگیرێتەبەر بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەسەرێکی گونجاو، بەتایبەتی بۆ ئەو کێشانەی لەنێوان هەرێم و بەغدا هەیە، چونکە تا ئەمڕۆش پێکهاتەی مەسیحی لە بەسراو بەغداو کەرکوك و ناوچەکانی تری عێراق هەیەو ئێمە بیر لەوانیش دەکەینەوە، ئەمڕۆش کە سەرەتاکانی کۆتاییهاتنی داعش سەریهەڵداوە هەلێکی زێڕین هاتۆتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە بە گفتوگۆ و دانوستاندن کێشەکان چارەسەر بکەین و رێز لە ئیرادەو ویستی نەتەوەکان بگیرێت و رێگایەك بۆ پێکەوەژیانێکی نوێ بدۆزنەوە، تاوەکو جارێکی تر ناتەبایی سیاسی و ناکۆکی روونەدات

**دەوڵەت وەکو پەرژینێکی پۆڵایینە کە لە ناویدا هاونیشتمانیان هەست بە ئارامی و سەقامگیری دەکەن، بەتایبەتی بۆ گەلێکی چەوساوەی وەکو گەلی کوردستان کە ئێمەی مەسیحییەکانیش لەدێر زەمانەوە لەسەر ئەم خاکەین و لەهەموو شۆڕش و راپەرین و خۆشی و ناخۆشییەکاندا پێکەوە بووین**

**هەربۆیە ئێمەش پاڵپشتی و پشتگیری ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکەین بەتایبەتی کە خەڵکی کوردستان و مەسیحییەکانیش لە دۆخێکدان کە لە لایەک متمانەیان بە دوارۆژی عێراق نەماوەو لە لایەکی ترەوە هەرێمی کوردستانیش لە دۆخێکدایە کە لە ڕووی ئابوورییەوە دووچاری دژواری بۆتەوە**

کە بەهۆیەوە گروپە تیرۆریستییەکان ژینگەیەکی باشیان بۆ خولقا تاوەکو بڵاوببنەوە.

*** دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی سەرۆك بارزانی توانیی بەشێکی زۆری دەشتی نەینەوا ئازاد بکات، تاچەند ئەمە بۆ مەسیحییەکانی ئەو ناوچانە گرنگ بوو، ئایا تاچەند لەگەڵ ئەوەدان دەشتی نەینەوا بکرێتە پارێزگا و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بپارێزرێت؟ پێتان وایە پێویستە چی بکرێت بۆ گەڕانەوەی مەسیحییەکانی و ئاوارەکانی دیکەش بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان؟**

- هاووڵاتیانی دەشتی نەینەوا بەهاووڵاتییە مەسیحییەکانیشەوە ئازادن داوای چی دەکەن و سەرپشکن لەوەی دەیانەوێت چۆن دووبارە یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکانیان دابڕێژرێنەوە. ئەوەی پەیوەندی بە پرسی گەڕانەوەشیان هەبێت، ئەوا هەقیقەتێك هەیە دەبێت هەموان بیزانن ئەویش ئەوەیە: کە فکری توندڕەویی داعش بەرهەمی یەك دوو رۆژ نییەو هەروا ئاسانیش بەشەوو رۆژێك کۆتایی نایەت، هەر بۆیە زەحمەتە بۆ خێزانە ئاوارە مەسیحییەکان کە بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەمڕۆ هیچ کەس و لایەنێك زەمانەتی بەو خێزانە مەسیحییانە نەداوە تاوەکو بگەڕێنەوە ناوچەکانیان، تەنانەت ئەوان ئێستا بەهۆی هاتنی حەشدی شەعبی و ئەو هەموو گروپە چەکدارەوە نیگەرانی زیاتریان لا دروست بووە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە. ئەگەر ئەم پرسەش گرێ بدرێتەوە بە مەسەلەی چارەنووسی دەشتی نەینەواو بە پارێزگابوون و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە؟ ئێمە وەکو پیاوانی ئایینی ناتوانین رێوشوێن بۆ هاوپەیمانەکان و ئەمەریکا و عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابنێین، بەڵام ئەگەر دۆخەکە وەکو جاران بێت و هیچ گۆڕانکارییەك روونەدات و نەوایەکی ئارام بۆ ئاینزاکانی دەشتی نەینەوا دانەنرێت ئەوا زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان ناگەڕێنەوە ناوچەکانیان، ئێمەی پیاوانی ئایینی نزا دەکەین داواکارین لەخوای گەورە کۆتایی بە شەڕو چەوسانەوەو ئاژاوە بهێنێت و خۆشی و خۆشگوزەرانی باڵ بەسەر هەرێمی کوردستاندا بکێشێت.

*** هەروەك ئاشکرایە بڕیارە لە ٢٥ی ئەیلولی داهاتوودا ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدرێت، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- هەڵبەتە کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان رۆژێکیان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دیاریکرد، لەو سۆنگەیەوە بوو کە ئێستا لە هەموو کات زیاتر دۆخەکە لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمە و بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردستان، ئەمڕۆ سەرجەم گەلانی پێشکەوتووخوازو وڵاتانی رۆژئاواو ناوچەکە ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتووە کە گەلی کوردستان و پێشمەرگە ئارامی و ئاشتی دەخوازێت، ئەوان باش دەزانن کە تیرۆریستانی داعش بەهاوکاری هاوپەیمانەکان و هێرشە ئاسمانییەکان لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێنرا، لە ناوخۆشدا پێویستە سەرکردایەتی سیاسی هەوڵی نەهێشتن و ڕەواندنەوەی هەر بێ ئومێدیی و دڵەڕاوکێك بدات کە ڕەنگە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان و لەناویشیاندا ئێمەی مەسیحی ببێتەوە. دواتر خەڵك زەمانەتێکی دەوێت بۆ دوارۆژی خۆی، نایەوێت لە ئایندەدا لەداعش خراپتر دروست بێت، ئایا چاوەڕوان بین تاوەکو گروپێکی تری چەکداری دڕندەتر و خراپتر لەداعش لە عێراق و ناوچەکەدا سەرهەڵبدات یاخود ببینە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ؟ من لەبیرمە کاتێك ئەمەریکا سوپاکەی لەعێراق لەسەر داوای زۆر لە سەرکردە سوننەو شیعەکان و تەنانەت خەڵکی خۆی لەئەمەریکا کشانەوە ئەو کات ئێمە پێمان وابوو بەکشانەوەی ئەو هێزانە چەندین گروپی تیرۆریستی توندڕەو لەعێراق دروست دەبن و زیان بە خەڵکی سیڤل و دۆخەکە دەگەیەنن، هەرواش دەرچوو بەماوەیەکی زۆر کەم کارە تیرۆریستییەکان زیادی کردوو داعش سەریهەڵداو ناکۆکی نێوان مەرکەزو هەرێم لەلایەك سەریهەڵداو ناکۆکی نێوان حزبە سیاسییەکان ئاڵۆزتر بوو رەوشەکە خراپتر بوو. ئەمڕۆش ئەگەر ئێمە پاڵپشتی یەکتر بین هیچ تیرۆریست و وڵاتێکی ناوچەکە ناتوانێت هێرش بکاتە سەرمان و ئەجیندای خۆیان بەسەرماندا زاڵ بکەن، ئەمەش تەنیا بەگوتارو پەیام و قسە نابێت پێویستی بەکاری پراکتیکی هەیە.

**ئێمە بەهیچ شێوەیەک نکۆڵی لەوە ناکەین کە بە بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق ئێمە لێرە هەست بەئارامی و ئاسایش دەکەین و لەسایەی پێکەوەژیاندا ژیان بەڕێ دەکەین**

**ئێستا لە هەموو کات زیاتر دۆخەکە لەبارە بۆ ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمە و بەدیهێنانی دەوڵەتی کوردستان، ئەمڕۆ سەرجەم گەلانی پێشکەوتووخوازو وڵاتانی رۆژئاواو ناوچەکە ئەو راستییەیان بۆ دەرکەوتووە کە گەلی کوردستان و پێشمەرگە ئارامی و ئاشتی دەخوازێت**

**ئەگەر ئێمە پاڵپشتی یەکتر بین هیچ تیرۆریست و وڵاتێکی ناوچەکە ناتوانێت هێرش بکاتە سەرمان و ئەجیندای خۆیان بەسەرماندا زاڵ بکەن، ئەمەش تەنیا بەگوتارو پەیام و قسە نابێت پێویستی بەکاری پراکتیکی هەیە**


# پاساوەکانی بەرەی دژە ریفراندۆم تەنها نەیارانی کورد دڵخۆش دەکەن

لە کاتێکدا کە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەت و زۆربەی پارت و هێزە کوردستانییەکان بڕیاریان لە گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی داوە، کە لە (٢٥)ی ئەیلولی ئیمساڵدا بەڕێوە بچێت، سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی بڕیارێکە تەواو دروستە و بگرە لەکاتی خۆیشی دوا کەوتووە، کەچی لێرەو لەوێ ئاوازی ناسازو نەشازی دژەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی لەهەندێ شارو جێگەی هەرێم سەریان هەڵداوە و بگرە کار گەیشتۆتە ئەوەی کەمپینی جۆراو جۆر بکرێت کە هەندێك گروپی گوماناوی ڕابەرایەتییان دەکەن، بە جۆرێك کە پێویستە ئەکادیمیست و ڕۆشنبیرانی ئێمە ڕوونکردنەوەو هەڵوێستی درووستیان لەمەڕ ئەو ئاوازە نەسازو گرووپانە هەبێت و ڕاستییەکان بۆ جەماوەرو خەڵکی کوردستان ڕون بکرێنەوە، دیارە پرۆسەی دیموکراتی بۆ خۆی پرۆسەیەکی جوان و بەهادارەو تاوەکو ئێستا هیچ ئەڵتەرناتیڤێك لە ڕووی سیاسیی مرۆییەوە بۆ ئەو پرۆسەیە نەهاتۆتە گۆڕی؛ لەم سۆنگەیەوە دەنگدان بە(نەخێر) لە پرۆسەیەکی لەم جۆرەدا لە لایەن تاکی کۆمەڵگەوە پڕاوپڕ دیموکراسییەو هیچ زیانێکی ئەوتۆی نابێت و کەسیش بۆی نییە ئەو تاکانە بخاتە خانەی تەخوینەوە، هەرچەندە بۆچوونی ئەو تاکانەش سەبارەت بە گەلێکی بەشمەینەت و مافخوراوی وەکو کورد بێ زیان نابێت؛ چونکە مێژووی کورد و خەڵکی کوردستان و قوربانییە فرەو هەرە زۆرو زەوەندەکانی ئێمە هێندە فرەیە لە مێژووی هیچکام لە میللەتانی دنیا ناچێت، بۆیە دەنگی نەخێری یەك تاکیش بۆ خۆی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەیەو پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکانی نیشتیمان کاری ئەرێنی لەسەر بکەن بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی.

بەڵام: ئەو دەمەی کار دەگاتە گرووپبەندی و کەمپین و پەیوەندیی گوماناویی ژێربەژێری هەندێك گروپی نابەرپرس و بازرگانیی سیاسەت و دنەی نەیارانی مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەوساتە ناکرێت ئەو جموجۆڵانە بە ئاسایی وەربگیرێن، بەڵکو مافی تاك و دەزگا دڵسۆزە فەرمی و نافەرمییەکانی نیشتمانە، کە بەچاوی گومانەوە لەو جموجۆڵانە بنوارن، و لە ڕەگ و ڕیشەکەی بکۆڵنەوە، لە کاتێکدا کە گرووپی دژە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بانگەشەیەکی گوماناوی دەچڕن و گومان دەخەنە سەر پرسی گشتپرسی، ئەوەش بە پاساوی: ( نادادپەروەری وحوکمڕانیی خۆماڵی و گرفتەکانی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم و نەبوونی دەستورێك بۆ ناوخۆی هەرێم، هاوتەریب لە گەڵ باڵادەستیی پارتێکی دیاریکراو لە هەرێم کە پارتی دیموکراتی کوردستانە، دواجاریش گریمانەی ترس لە گەمارۆی ئابووریی وڵاتانی دراوسێ بۆ سەر باشوری کوردستان) کە بەگوتەی ئەوان: (نەخێر) بۆ ڕێگرییە لە ڕوودانی کارەساتی مرۆیی و وەدیهاتنی حوکمڕانییەکی دیکتاتۆری لە باشوور، دیارە ئەم پاساوگەلە ناکرێت هەروا بە ڕەهایی و سانایی وەربگیرێن و ببنە جێگەی باوەڕ، بەڵکو هەریەکە لەو پاساوانە تەنانەت لە گریمانەی ڕاستبوونیشیاندا، هێشتا لێدوانی زۆر هەڵدەگرن و ناکرێت ببنە پاساوێکی دروست بۆ دژایەتیی گشتپرسیی سەربەخۆیی، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی هێشتا - لە ڕووی مرۆیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو پاراستنی مافی مرۆڤ پێکهاتە جیاجیاکانی ئاینی و نەتەوەیی ناو باشوور و سەقامگیرییەوە — زۆر لە حوکمڕانی بەغداو وڵاتانی دەورو بەرمان جوانترو لەپێشترە، لەهەمان کاتدا هەموو ئەو گرفتانەی بەرەی دژەریفراندۆم دەیکەنە پاساو ئەگەر بەشێکیان مۆرکی ڕاستییان پێوەدیار بێت زۆربەیان تەنیا گرفتی کاتی و ڕواڵەتین و قابیلی چارەسەرن.

بەڵام ئەو بەرەیە پێمان ناڵێن: چۆن پێیان قبوڵە لەبندەستی حکومەتێکی تایەفیی ویلایەتی فەقیهدا کە مافی مرۆڤ بەخوێنیش نایەتەدی و پتر لە (٥٥) بڕگەی دەستووری هەڵبژاردەی دانیشتوانی عێراقی پێشێلکردووە، لەهەمان کاتیشدا لەناوجەرگەی بەغدای پایتەختی عێراقدا مرۆڤی بێتاوانی عێراقی لە سەر پێناسەی نەتەوەیی و مەزهەبی و ئاینی بەبەر چاوی هێزە ئەمنییەکانەوە پاکتاو دەکرێت، ئەو عێراقەی بەرەی دژەسەربەخۆیی بانگەشەی مانەوەی کوردستانی لە بن دەستیدا دەکەن، ئامادە نییە تەنانەت ئاوارەکانی

**پرۆسەی دیموکراتی بۆ خۆی پرۆسەیەکی جوان و بەهادارەو تاوەکو ئێستا هیچ ئەڵتەرناتیڤێك لە ڕووی سیاسیی مرۆییەوە بۆ ئەو پرۆسەیە نەهاتۆتە گۆڕی؛ لەم سۆنگەیەوە دەنگدان بە(نەخێر) لە پرۆسەیەکی لەم جۆرەدا لە لایەن تاکی کۆمەڵگەوە پڕاوپڕ دیموکراسییەو هیچ زیانێکی ئەوتۆی نابێت و کەسیش بۆی نییە ئەو تاکانە بخاتە خانەی تەخوینەوە**



**د. عمر ڕەنگینەیی**
**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

جەنگی ناوخۆ و تیرۆر لەخۆبگرێت و داڵدەیان بدات کە هاونەتەوەو زۆر جار هاو هۆزو بن ئامۆزای یەکترن.

کەچی بەرەی دژەگشتپرسی بە زمانی حاڵ پێمان دەڵێن: حوکمڕانی بیانی نادیموکرات و نادادپەروەرو پێشێلکاری دەستوورو مافی مرۆڤ ومافی خەڵکی کوردستان لە هەموو ڕووەکانی نەتەوەیی و ئابووری و مرۆییەوە؛ باشترە لە حوکمێکی خۆماڵی پارێزەری مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی ناو هەرێم دەرەوەی هەرێمیش: تەنیا لەبەر ئەوەی حوکمڕانیی خۆماڵی هەندێك کەم و کورتی هەیە کە بەشێکیان کاتین و قابیلی چارەسەرن و بەشێکیتریشیان ڕۆژگار کەفیلە بەچارەسەر بوونیان. بەشێکی دیکەشیان پێویستی بە خەبات و فشاری جەماوەری و ڕێخراوەیی تۆکمە هەیە بۆ لەناوچوونیان.

بەهەرحاڵ ئەو بەرەیە هەرگیز ناتوانن لە ڕووی نیشتیمانییەوە بیسەلمێنن کە دەستەڵاتدارانی دەورو بەری کوردستان بە عێراقیشەوە سەرەڕای حوکمڕانیی لەمێژانەیان لە حوکمڕانیی هەرێم باشترن، چونکە هەموو دۆست و دژبەری خەڵکی کوردستان بۆ خۆیان شایەتحاڵن کە چی لە وڵاتانی دەورو بەرمان دەگوزەرێت و چۆن مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و پاکتاوکردنی ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبی ڕوودەدەن.

ئەوەش لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان یەك ملیۆن و هەشت هەزار کۆچبەرو ئاوارەی لە ئایین و نەتەوەی جیاجیای ناو عێراق و دەرەوەی عێراق لەخۆگرتووە، هەموو دنیاش بەحکومەت و گەلانی جیاجیا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە شاهیدی ئەو پرسە مرۆییەن کە حکومەتی کوردستان پیادەی کردووە.

دیارە بەرەی دژەریفراندۆم جورئەتی ئەوەیان نییە کە بڵێن: ئێمە دژی سەربەخۆیی کوردستانین بەڵکو دەستەواژەی (ئێستا کاتی نییە) بەکاردێنن بۆ مەبەستەکەیان، بەهێزترین پاساویشیان گەمارۆی ئابووری سەر هەرێمە لە ئایندەدا؛ بەڵام ناشتوانن پێمان بڵێن ئەگەر ئەمە سەدەو نیوێکە دەرفەتی سەربەخۆیی نەهاتۆتە پێش؛ کەی ئەو دەرفەتە دەبێت،؟.

ئایە دەبێت ڕۆژێك بێتەپێش و ئەم دراوسێیانەمان نەمێنن و گۆڕانکاریی جوگرافی ڕوودات نەتەوەگەلێکی دیکە شوێنیان بگرنەوە؟ یان ڕۆژانێك بێت ئەو دەوروبەرەمان لۆژیکیان بگۆڕدرێت و ببنە بەرگریکاری مافی گەلان؟.

کە بێگومان ئەوانە هەرگیز ڕوونادەن، بۆیە کەواتە ئەوەی دەیلێن تەنیا پاساوە بە مەبەستی پاساو و هیچی تر!!

شتێکی تریش: کە دوو کەس ناتوانن کێشەیان لەسەری هەبێت سەربەخۆیی گەل و نەتەوەکانە، کە مافێکی خودایی خۆڕسك و سرووشتییە، ئەو مافەش هێندە ڕەوایە کە وەدستهێنانی بۆ خۆی هیچ پاساوێك هەڵناگرێت و میللەتی وشیار بەبێ سێ و دوو دەبێت خەباتی سەرسەختانەی لە پێناودا بکات، ئەو خەباتەش بەبێ قوربانی و ماندووبوون هەرگیز نایەتە دی، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی ئاڵۆزو پڕ قەیرانی وەکو خۆرهەڵاتی ناویندا، هاوکات ئەوەش ڕوونە کە هیچ هێزێك لە دەرەوە نایەت مافی ڕەوامان وەکو بەخشش پێ ببەخشێت، کەواتە گەمارۆی ئابووری و فشاری دەوروبەر ئەگەر داگیرکەران بۆیان بلوێت بەڵایەکە کەناتوانرێت خۆی لێ ببوێرین.

بەڵام لە ئێستادا کە باشووری کوردستان خاوەنی قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆو ناسراوە لە ڕووی نێودەوڵەتیشەوە، بۆ خۆی خاوەنی پێگەیەکی جیۆسیاسیی باشە. بۆیە هەر مرۆڤێك کە لە ئەلف و بێی سیاسەت بزانێت، باش لەوە دەگات کە دەرفەت لەمە باشتر بۆ باشوور نەڕەخساوە و دووریشە جارێکی دیکە بڕەخسێت.

کەواتە پاساوەکانی دژەسەربەخۆیی جگە لە بیانووگرتن و پەیوەندیی ژێربەژێریی سەرانی ئەو بەرەیە بە نەیارانی کوردەوە هیچی دیکەی لێ هەڵناهێنجرێت، لەمێژە کورد گوتوویەتی: (مرۆڤی ژیر کوڕی خۆی ناکات بە قوربانی کچی خەڵکی ) ئێمەش ناکرێت حکومەتی خۆماڵی خۆمان ئەگەر کەم و کورتیشی هەبێت بگۆڕینەوە بە حکومەتێکی پڕ قەیرانی تایەفی سەرکوتکار و پێشێلکاری مافی مرۆڤ کەمینەکان، کە بە درێژایی مێژووی عێراق هیچ خێرمان لێی نەدیوە.

**بەرەی دژەریفراندۆم جورئەتی ئەوەیان نییە کە بڵێن: ئێمە دژی سەربەخۆیی کوردستانین بەڵکو دەستەواژەی (ئێستا کاتی نییە) بەکاردێنن بۆ مەبەستەکەیان، بەهێزترین پاساویشیان گەمارۆی ئابووری سەر هەرێمە لە ئایندەدا؛ بەڵام ناشتوانن پێمان بڵێن ئەگەر ئەمە سەدەو نیوێکە دەرفەتی سەربەخۆیی نەهاتۆتە پێش؛ کەی ئەو دەرفەتە دەبێت؟**



ئەحمەد مەجیدیار
تایبەتمەندی کاروباری ئێران لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# دیالۆگی جدی نێوان هەولێر و بەغدا لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە دەست پێدەکات

## بەشێکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی وەکیلی بەرژەوەندییەکانی ئێرانن

**ئەحمەد مەجیدیار توێژەر و بەڕێوەبەری پڕۆژەی بەدواداچوونی ئێرانە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین توێژینەوەی نووسیوە لەبارەی ئێرانەوە. خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە زانکۆی وێستمینستەر لە بواری ڕۆژنامەگەری و بڕوانامەی دیپلۆمی هەیە لە کاروباری نێودەوڵەتی کە لە زانکۆی جۆرج تاوون بەدەستی هێناوە. شارەزای کاروباری وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستانە. تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك، بوارەکانی تیرۆریزم و بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم، تایەفەگەری نێوان شیعە و سوننە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و پرسی مافەکانی مرۆڤە. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا کە لە چەند تەوەرێکی سەرەکییدا چڕبوونەوە،وەك ڕۆڵ و کاریگەریی ئێران لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی، چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیە و ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا و چەند پرسێکی گرنگ و پەیوەندیداری دیکە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانیت و ئایا گرنگترین ئەو تەحەددیانە چین کە ڕووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەواڵە خۆشەکە لە عێراقدا ئەوەیە کە داعش لە لێواری داڕووخاندایە، خاکێکی زۆری لەدەست داوە، توانراوە موسڵ و چەند ناوچەیەکی سەرەکی دیکەی داعش ڕزگار بکرێتەوە. بەڵام ئەزمونی عێراقی دوای سەدام حوسێن پێمان دەڵێت کە بارودۆخە سیاسییەکە و ڕەوشی دوای شەڕەکە ئاڵۆزترن لە هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکە. مەبەستم ئەوەیە چەندین تەحەددی سیاسی هەن کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کە ڕاستە ئەمە بەرپرسیارێتیی عێراقییەکان خۆیانە، بەڵام وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە نێویدا ئەمەریکا دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لەم ڕووەوە. هەروەها جگە لە ڕەوش و تەحەددییە سیاسییەکە، پێویستە کار و کۆشش بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە بکرێت، چونکە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا موسڵ و چەند شوێنێکی دیکە وێرانکارییەکی زۆریان بەسەردا هاتووە، واتە ئەوەش هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت. لەلایەکی دیکەوە دەبێت پرسی ئاشتەواییش چارەسەر بکرێت، مەبەستم ئەوەیە تاوەکو ئاشتەواییەکی مانابەخش لەنێوان پێکهاتە و گروپە جیاوازەکانی عێراقدا نەیەتەئاراوە، ئەوا دەبێت پێشبینی سەرهەڵدانی بارگرژی بکەین کە دەبنەهۆی ئەوەی گروپی هاوشێوەی داعش دروست بن. کەواتە ئەمانە ئەو تەحەددیانەن کە دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی ئاشتەوایی کرد، بەڵام هەروەك ئاشکرایە ئێستا بێ متمانەییەکی زۆر هەیە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، لە نێوان شیعە و سوننە لەلایەك و لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لەلایەکی دیکە، ئایا تا چەند ئێوە گەشبینین بەوەی پرۆسەی ئاشتەوایی بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت؟**

- لە ڕاستیدا تەحەددیەکە گەورەیە، هەروەها جیاوازی و بارگرژی تەنها لە نێوان شیعە و سوننەدا نییە، بەڵکو جیاوازی و ناکۆکی لە نێوان گروپە جیاوازەکانی نێو خودی پێکهاتەی سوننە و پێکهاتەی شیعەشدا هەیە، کە تا ئێستا هەموویان شەڕیان لە دژی دوژمنێکی هاوبەش کردووە، کە داعش بووە، ئێستاش کە داعش خەریکە بە تەواوەتی تێکدەشکێت ئەوا بە دڵنیاییەوە دەکەونە دژایەتیکردنی یەکتری، مەبەستم لە ڕکابەرە سیاسییەکان و هەندێ لە گروپە میلیشیاییەکانە. لەگەڵ ئەوەشدا، من هێشتا گەشبینم، چونکە سەرکردە سیاسییەکان و نوخبەی سیاسی عێراق ئەوە ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە ئەگەر بێتو کێشە و ناکۆکییە

**ئەزمونی عێراقی دوای سەددام حوسێن پێمان دەڵێت کە بارودۆخە سیاسییەکە و ڕەوشی دوای شەڕەکە ئاڵۆزترن لە هەوڵ و هەڵمەتە سەربازییەکە. مەبەستم ئەوەیە چەندین تەحەددی سیاسی هەن کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت**

**ئەو خاکانەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە دەستی داعش بەدەستی هێناونەتەوە، کە حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو خاکانە سەر بە عێراقن. کە پێم وایە پێویستە هێزە دەرەکییەکان، وەک ئەمەریکا میانگیرییەکی بێلایەن بن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. کەواتە ئەمانە ئەو تەحەددیانەن**

**ریفراندۆم تەنها هەنگاوی یەکەمە و گفتوگۆ و دیالۆگی ڕاستەقینە دواتر دەست پێدەکات، کە گرنگە دابەشبوون- ئەگەر هاتوو دابەشبوون ڕوویدا- و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە ڕێی گفتوگۆی ئاشتیانەوە یەکلابکرێتەوە، نەک ئەوەی هەردوولا پەنا ببەنە بەر توندوتیژی ئەگەرنا سەقامگیری و ئاسایشی عێراق بە شێوەیەکی جیددی لەباردەچێت**

سیاسییەکانی بە شێوازێکی ئاشتیانە چارەسەر نەکەن، ئەوا هەموویان زەرەرمەند دەبن، هەروەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا بینییان. ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە تەحەددییەکان چارەسەر کراون، بۆ نموونە لە ئێستا پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەیە کە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات کە بە دڵنیاییەوە بەغدا و سەرکردەکانی عێراق بەرهەڵستی هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکەن. ئەمەش تەحەددیەکی گەورەیە. هەروەها چەندین بواری ناکۆکی دیکە هەن، وەك ئەو خاکانەی کە هێزەکانی پێشمەرگە لە دەستی داعش بەدەستی هێناونەتەوە، کە حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو خاکانە سەر بە عێراقن. کە پێم وایە پێویستە هێزە دەرەکییەکان، وەك ئەمەریکا میانگیرییەکی بێلایەن بن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. کەواتە ئەمانە ئەو تەحەددیانەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی من گەشبینم بەوەی عێراق زاڵدەبێت بەسەر ئەو تەحەددیانەدا و وڵاتەکە بەرەو سەقامگیریی زیاتر دەبات.

*** لە پەیوەندیدا بە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە ئایا پێشبینیەکانت چین و پێت وایە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا پرسی ریفراندۆم دەبێت لەلایەن عێراقییەکانەوە بڕیاری لەبارەوە بدرێت. بەڵام مەسەلە گرنگەکە ئەوەیە ریفراندۆم تەنها هەنگاوی یەکەمە و گفتوگۆ و دیالۆگی ڕاستەقینە دواتر دەست پێدەکات، کە گرنگە دابەشبوون- ئەگەر هاتوو دابەشبوون ڕوویدا- و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە ڕێی گفتوگۆی ئاشتیانەوە یەکلابکرێتەوە، نەك ئەوەی هەردوولا پەنا ببەنە بەر توندوتیژی ئەگەرنا سەقامگیری و ئاسایشی عێراق بە شێوەیەکی جیددی لەباردەچێت.

*** ئێوە بە چڕ و پڕی لەبارەی ئێرانەوە دەنووسن، پرسیارەکەمان ئەوەیە ئایا تا چ ڕاددەیەك ئێران دەسترۆیشتوو و کاریگەرە لە عێراقدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣دا بواری بۆ ئێران خوڵقاند بۆ چەسپاندنی دەسترۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا و لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردووشدا پەرەی بە دەسترۆیشتوویی خۆی داوە لەم وڵاتەدا، ئیدی هەم لە نێو دەزگا ئەمنییەکانی عێراقدا، هەم لە بواری ئابووری، هەروەها بوارە سیاسیەکەشیدا. بە هەمان شێوە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوی شەڕی دژ بە داعشدا، ئێران هەڵساوە بە چەکدارکردن و مەشقپێکردن و ڕاوێژپێدان بە گروپە شیعە میلیشیایە بەهێزەکان کە بەشێك بوون لە هێزەکانی حەشدی شەعبی کە لە دژی داعش شەڕیان کردووە. ئێستاش کە داعش وا لە لێواری تێکشکاندایە  ئێران هەوڵ دەدات ئەو دەستکەوتانەی خۆی بچەسپێنێت و کار بۆ ئەوە دەکات ئەو میلیشیایانە هەڵنەوەشێنرێنەوە، لەبەر ئەوەی خوازیارە وەك هێزێکی وەکیل بەکاریان بهێنێت بۆ برەودان بە دەسترۆیشتوویی خۆی. لەلایەکی دیکەوە و لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردودا ئێران سێ باڵیۆزی هەبووە لە عێراقدا، لە نێویاندا باڵیۆزی ئێستا، ئیرەج مەسجیدی، هەموویان فەرماندەی هێزی قودس بوونە. کەواتە سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر عێراقدا زیاتر لەلایەن هێزی قودس و سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ دەکرێت، نەك لەلایەن حکومەتی ڕوحانی و تارانەوە، کە پێم وایە ئەوەش بەردەوام دەبێت. هەروەها تاوەکو عێراق زیاتر هەنگاو هەڵبگرێت بەرەو ئاسایش و سەقامگیری و تاوەکو عێراق پتر یەکگرتوو بێت و داعش تێکبشکێت، ئەوا دەسترۆیشتوویی ئێران کەمتر دەبێتەوە. چونکە تاوەکو پشێوی و شەڕ و ناتەبایی هەبێت، ئەوا ئێران و هێزە ئیقلیمییەکانی دیکەش هەوڵ دەدەن کاریگەر بن لەسەر سیاسەتی و ئاسایشی عێراق.

*** ئایا باوەڕت وایە ئەو میلیشیا شیعانەی عێراق کە ئێران پشتیوانیان لێدەکات دەبنە بەربەستی سەرەکی لەبەردەم گەڕانەوەی پرۆسە سیاسیەکەی عێراق بۆ سەر ڕاستەڕێ و سکەی سروشتی خۆی؟**

- هێزەکانی حەشدی شەعبی لە زیاتر لە ٤٠ گروپ پێکهاتووە  و هەندێ سەرچاوە دەڵێن زیاتر لە ٦٠ گروپە، کە زۆربەیان شیعەن، بەڵام سوننە و کەسانی سەر بە کەمینەکانی دیکەش

لە خۆدەگرن. بەڵام تەنانەت ئەگەر لە شیعەکانیش ووردبینەوە، ئەوا ئەوانیش جیاوازن، هەندێکیان گروپی ناسیۆنالیستی عێراقین و شوێنکەوتەی فەرمانەکانی سەماحەتی ئایەتوڵا عەلی سیستانین، بەڵام ئەوانی دیکە، وەك ڕێکخراوی بەدر، عصائب اهل الحق و حركة النجباء پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ ئێراندا هەیە و ئەوەندی لە خەمی بەرژەوەندیی حزبییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی ئێراندان، هێندەی لە خەمی بەرژەوەندییەکانی عێراقدا نین. لەبەر ئەوە بەردەوام وەك کێشەیەك بۆ حکومەتی عێراقی و بۆ خەڵکی عێراق و بۆ یەکێتی عێراق دەمێننەوە. بەڵام گرنگە عێراق سەقامگیر بێت و پێم وایە ئەگەر یەکێتی هەبێت ئەوا دەکرێت لە مەودای دووردا ئەم گروپانە گۆشەگیر بکرێن.

*** بۆچوونێك هەیە کە پێی وایە لە ڕکابەری نێوان ئێران و سعودیەدا، ئێران لایەنی براوەیە بە تایبەتی کە توانیویەتی بەهۆی شەڕی بە وەکالەتەوە برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات لە عێراق و سووریا و لوبناندا، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکە چ ئاراستەیەك دەگرنەبەر لە ئایندەدا، ئەگەرچی لە ئێستادا دەتوانین بە دڵنیاییەوە مشت و مڕی ئەوە بکەین کە دەستڕۆیشتوویی ئێران زیاتر بووە. ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتی لوبنان کرد، کە ئاشکرایە ئێران لە ڕێی حزبوڵاوە- کە وەکیلیەتی- باڵادەست بووە بەسەر سیاسەت و بواری ئاسایشی ئەو وڵاتە و حزبوڵا بۆتە دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا و ئێستاش لە شەڕەکانی ناوچەکەوە تێوەگلاوە، نەك تەنها لە ناو لوبنان و لە دژی ئیسرائیل، بەڵکو لە ناو سووریا و لە عێراقدا و سەرقاڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویەکەیەتی. ئەوەندی پەیوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا دوو تا سێ ساڵ پێش ئێستا ڕژێمی بەشار ئەسەد لە لێواری ڕووخاندا بوو، بەڵام بە پشتیوانیی حزبوڵا و ئێران و هەروەها ڕوسیاش ئێستا بەشار ئەسەد لە پێگەیەکی باشتردایە بە بەراورد بە هەر کاتێکی دیکە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا و ئێستاش ئێران دڵنیاییە لەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد ڕزگاری بووە. بەڵام هێشتا شەڕی سووریا زۆری ماوەتە کۆتایی پێبێت و ئەگەری کۆنترۆڵکردنەوەی سەرجەم خاکی سووریا لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە ئەگەرێکی واقیعبینیانە نییە لەم ساتەوەختەدا و پێشبینی دەکرێت شەڕەکە بۆ چەند ساڵێکی دیکە درێژە بکێشێت، لەبەر ئەوە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین شەڕەکە چۆن کۆتایی دێت، کە بە دڵنیاییەوە ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر دەستڕۆیشتوی ئێران نەك هەر لە سووریا، بەڵکو لە ڕێی سووریاوە بۆ لوبنانیش، چونکە سووریا ڕێڕەوی ئێرانە بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ حزبوڵا لە لوبنان. لە پەیوەندیدا بە عێراقیشەوە، ئەوا ئێران دەستڕۆیشتووییەکی زۆری هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام تاوەکو عێراق هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت بەرەو سەقامگیری و پشتبەخۆبەستن و تەبایی، ئەوا باوەڕم وایە دەستڕۆیشتوویی ئێران دادەکشێت لەو وڵاتەدا.

*** بە ڕای ئێوە باشترین ڕێگاچارە چییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتویی ئێران لەم وڵاتانەدا؟**

- من پێم وایە کارێکی واقیعبینانە نییە کە هەوڵ بدرێت بە تەواوەتی ئێران لە عێراق بکرێتەوە دەرەوە، لەبەر ئەوەی هەردوو وڵات سنوورێکی هاوبەشی دوورودرێژیان هەیە، هەردووکیان وڵاتێکن کە زۆرینە تێیاندا شیعەیە و هەروەك ئاماژەم پێکرد ئێران دەستڕۆیشتووییەکی گەورەی هەیە لە عێراقدا، لەبەر ئەوە کارێکی واقیعبینانە نییە کە وڵاتانی ناوچەکە و ئەمەریکا هەوڵبدەن بە چەشنێك بەرەنگاری دەستڕۆیشتویی ئێران ببنەوە وەك ئەوەی بیانەوێت بە تەواوی لە عێراقی دووربخەنەوە. بەڵام ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە و ئەمەریکا دەتوانن ئەنجامی بدەن ئیحتیواکردن و سنوردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لە عێراقدا. یەکێك لە ڕێگاکانی ئەنجامدانی ئەم کارەش بریتییە لە بەهێزکردنی دامەزراوە سیاسی و ئەمنییەکانی عێراق و دەبێت میلیشیا شیعەکان بە تەواوەتی ئاوێتەی هێزە عێراقیەکان بکرێن و لەژێر فەرمانده‌یی حکومەتی عێراقدا بن.

*** لە پەیوەندیدا بە دۆخی ناوخۆی ئێران**

**سیاسەتی ئێران لەبەرامبەر عێراقدا زیاتر لەلایەن هێزی قودس و سوپای پاسدارانەوە جێبەجێ دەکرێت، نەک لەلایەن حکومەتی ڕوحانی و تارانەوە، کە پێم وایە ئەوەش بەردەوام دەبێت**

**شیعەکانیش جیاوازن، هەندێکیان گروپی ناسیۆنالیستی عێراقین و شوێنکەوتەی فەرمانەکانی سەماحەتی ئایەتوڵا عەلی سیستانین، بەڵام ئەوانی دیکە، وەک ڕێکخراوی بەدر، عصائب اهل الحق و حركة النجباء پەیوەندییەکی نزیکتریان لەگەڵ ئێراندا هەیە و ئەوەندی لە خەمی بەرژەوەندیی حزبییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییەکانی ئێراندان**

**یان پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی ئێرانەوە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، باس لەوە دەکرێت ڕەوتێك هەیە خوازیاری کرانەوەی زیاترە بە رووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، تەوژمێکیش دیکەش هەیە تێڕوانینی پێچەوانەی هەیە، تا چەند ئەمە ڕاستە و ئایا پێشبینی دەکرێت کامیان پتر ڕەنگدانەویان هەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران؟**

- لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ڕوحانی چەندین جار ئەوەی دووپات کردەوە کە لەگەڵ پەرەپێدانی پەیوەندی باشتردایە لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانی ئێراندا، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبین لە نێویاندا سعودیە و ئیمارات. هەروەها ڕایگەیاند کە ئامادەیە دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ ئەمەریکا بۆ لابردنی هەندێ لەو سزایانەی لە ئارادان لە پێناو گەشەپێدانی ئابووری وڵاتەکە، چونکە ئەگەرچی زۆربەی سزاکانی پەیوەندیدار بە بەرنامە ئەتۆمییەکەوە هەڵگیران، بەڵام ئەو سزایانەی دیکە کە ماون کە دەبنەهۆی دڵساردکردنەوەی کۆمپانیا و بانکە نێودەوڵەتییەکان لەوەی لە ناو ئێراندا کار بکەن، لە دەرئەنجامدا نابینین وەبەرهێنانێکی زۆر بکرێت لە ئێراندا، لەبەر ئەوە —ڕوحانی- دەیەوێت لە ڕێی گفتوگۆوە بە رووی جیهاندا بکرێتەوە. بەڵام لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە، ئەوا ڕێبەری باڵا، ئایەتوڵا خامنەئی و سوپای پاسداران هەڵدەستن بە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە، واتە توانای ڕوحانی بۆ کاریگەربوون لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی زۆر سنوردارە. بەداخەوە من لە مەودای نزیکدا پێیشبینی هاتنەئارای گۆڕانکاری گەورە ناکەم لە سیاسەتی ئێراندا چ لە ئاستی ئەمەریکا و چ لە ئاستی هەوڵەکانی بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەکەدا، ئیدی لە ڕێی شەڕی بە وەکالەتەوە بێت، یان لە ڕێی هێزی نەرمەوە یان زبرەوە بێت.

*** بەرپرسە باڵاکانی ئیدارەی ترەمپ و تەنانەت خودی دۆناڵد ترەمپیش چەندین جار دووپاتیان کردۆتەوە کە ئێران سەرچاوەی کێشەیە لە ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بارگرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بە چەشنێك هەڵکشێن کە ببنەهۆی ڕوودانی رووبەڕووبوونەوە لە نێوانیاندا، بە تایبەتی ئێوە لە یەکێك لە وتارەکانتاندا پرسیاری ئەوە تاوتوێ دەکەن ئایا ئەمەریکا و ئێران دووچاری رووبەڕووبوونەوە دەبنەوە بەهۆی بارودۆخی سووریاوە؟**

- لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ترەمپ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا خراپترین ڕێککەوتنە و بەڵێنی ئەوەیدا هەر کە دەسەڵاتی گرتەدەست هەڵیوەشێنێتەوە، ئەگەرچی تا ئێستا ئەم کارەی نەکردووە، چونکە هێزەکانی دیکە کە ڕێککەوتنەکەیان واژو کردووە، وەك ڕوسیا و چین و هێزە ئەوروپییەکان خوازیاری ئەوە نین ئەمەریکا ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێنێتەوە. هەرچۆنێك بێت ئیدارەی ترەمپ خۆشحاڵ نییە بەم ڕێککەوتنە، چونکە پێی وایە کەلێنی تێدایە کە ئێران دەتوانێت لێ سوودمەند بێت، سەرەڕای ئەوەش، ئەم ڕێککەوتنە ڕەفتاری تێکدەرانەی ئێران لە ناوچەکەدا چارەسەر ناکات، بەتایبەتی ڕۆڵی لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن و بەحرەین و وڵاتانی دیکەدا. من پێم وایە بە چاپۆشین لەوەی ئەمەریکا ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان نا، ئەوا بارگرژی لە نێوان واشنتۆن و تاران هەڵدەکشێت و رووبەڕووبوونەوەی زیاتر نەك هاوکاری زیاتر دەبینین، چونکە ئەگەرچی تا ئێستا ترەمپ پابەندبووە بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام فشارەکانی لەسەر ئێران زیاتر کردووە، بە تایبەتی لە پەیوەندیدا بە تاقیکردنەوەی موشەکی بالیستی لەلایەن ئێرانەوە و -تێڕوانینی ئەمەریکا لەبارەی- پاڵپشتی ئێران بۆ گروپە تیرۆریستی و میلیشیاییەکانی ناوچەکە، کە پێم وایە ئەمەش بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە بارگرژی زیاتر لە نێوان تاران و واشنتۆندا دەبینین، لەنێویاندا لە عێراق، چونکە ئەگەرچی پێشتر ئێران و ئەمەریکا پشتیوانی هێزەکانی دژ بە داعشیان دەکرد، ئەوا ئێستا کە داعش لە تێکشکاندایە و لە کاتێکدا ئەو دوژمنە هاوبەشە لە ئارادا نەمێنێت، ئەوا بواری هاوکاری نێوان لە عێراقدا کەمتر دەبێتەوە،

**ئێران دەستڕۆیشتووییەکی زۆری هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام تاوەکو عێراق هەنگاوی زیاتر هەڵبگرێت بەرەو سەقامگیری و پشتبەخۆبەستن و تەبایی، ئەوا باوەڕم وایە دەستڕۆیشتویی ئێران دادەکشێت لەو وڵاتەدا**

**لە مەودای نزیکدا پێیشبینی هاتنەئارای گۆڕانکاری گەورە ناکەم لە سیاسەتی ئێراندا چ لە ئاستی ئەمەریکا و چ لە ئاستی هەوڵەکانی بۆ برەودان بە دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەکەدا، ئیدی لە ڕێی شەڕی بە وەکالەتەوە بێت، یان لە ڕێی هێزی نەرمەوە یان زبرەوە بێت**

بە تایبەتی هەندێ لە گروپەکانی حەشدی شەعبی کە نزیکن لە ئێرانەوە، دەستیان کردووە بە پروپاگەندە لە دژی ئەمەریکا و فشار لەسەر حکومەتی عێراق دروست دەکەن بۆ ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکە بکاتە دەرەوە.

*** ئێمە چەند جارێك ئاماژەمان بە رۆڵی ئێران کرد لە سووریادا، باشە بۆچی ئێران ئەوەندە پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی ئەسەد نەڕووخێت، چونکە هەندێ بۆچوون هەیە کە دەڵێن کارکردن بۆ مانەوەی ئەسەد لەبری ئەوەی دەستکەوتێکی ستراتیژی بێت بۆ ئێران بۆتە بارگرانییەك بۆ ئێران، بۆچوونی تۆ چییە لەم رووەوە؟**

- پێم وایە بەلای ئێران و حزبوڵاوە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا مەسەلەی لەناچوون و رزگاربوونە، مەبەستم ئەوەیە سووریا نزیکترین هاوپەیمانی ئێرانە لە جیهانی عەرەبیدا، بە تایبەتی لە پێش رووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێندا، کە ئەگەرچی جیاوازیشیان هەبوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هاوکاری یەکتریان دەکرد، بە تایبەتی لە لوبنان. هەروەها سووریا رێڕەوی سەرەکیی ئێرانە بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی بۆ حزبوڵا، بەتایبەت لە گەیاندنی چەك بەو حزبە، بە واتای ئەوەی ئەگەر ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەمایەوە ئەوا زۆر زەحمەتە دەبوو ئێران بتوانێت ئەو پشتیوانییە بۆ حزبوڵا دابین بکات. بەڵام ئێستا کە رژێمی ئەسەد لە پێگەیەکی باشتردایە، ئەوا ئێران دەیەوێت دەستکەوتەکان لە ناو سووریادا بچەسپێنێت. کەواتە من بە هیچ جۆرێك هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەی دەڵێت مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا گرنگ نییە بۆ ئێران، چونکە گرنگە بۆ ئێران و تەنانەت ئێران ئەمە بە هێڵی سوور دەزانێت و پێداگیری دەکات لەسەر مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا. ئەگەرچی رەنگە مەسەلەکە بەم شێوەیە نەبێت بۆ روسیا، کە رووسیا دەیەوێت چارەسەرێکی سیاسی بێتەئاراوە لەو وڵاتەدا.

*** ئێمە دەزانین ناوچەکە لە گرژی و قەیرانی کەم نەبوو کە دەرفەتیان خوڵقاندووە بۆ ئەوەی ئێران کاریگەر بێت لە ناوچەکە، بەم دواییە تەنگژەی قەتەریشی هاتەسەر، ئێوە کاریگەرییەکانی ئەم تەنگژەیە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێران سوودی لە سەرهەڵدانی تەنگژەکەی قەتەر وەرگرتووە، بەتایبەتی کە ئەو تەنگژەیە دوای سەردانی دۆناڵد ترەمپ بۆ سعودیە هاتەئاراوە، کە لەو کاتەدا ترەمپ هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی بە سەرۆکایەتی سعودیە راگەیاند، یەکەمیان بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆرو دووەمیان بۆ بەرەنگاربونەوەی دەستڕۆیشتویی ئێران لە ناوچەکەدا. کەواتە تەنگژەکەی قەتەر هەوڵەکان بەرپەرچدانەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێرانی بەلادابرد و دابەشبوونی نێو وڵاتانی کەنداو ئەو هاوپەیمانێتییەی لاوازکرد و ئەمەش بە سوودی ئێران شکاوەتەوە.

*** چۆن لە ئایندەی ئەم ناوچەیە دەڕوانیت، ئایا پێت وایە رێگاچارەکان بە بنبەست گەیشتوونە و ئەم ناوچەیە مەحکومە بە رۆژگارێکی دوورودرێژی ناسەقامگیری، یان ئەوەتا پەرەسەندنی ئیجابی هەیە دەکرێت گەشبین بین؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا من گەشبینم کە عێراق بەرەو سەقامگیری زیاتر هەنگاوهەڵبگرێت، بەتایبەتی سەرۆك وەزیرانی ئێستا، حەیدەر ئەل عەبادی هەمان ئەو سیاسەتە تایەفەگەرییە ناگرێتەبەر کە سەرۆك وەزیرانی پێش خۆی نوری مالیکی پیادەی دەکرد و سەرکردە عێراقییەکان هەندێ دەرسیان وەرگرتوە لەو سیاسەتە تایەفەگەرییەی لە رابردوودا پەیڕەو دەکرا. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاوە هەبێت، ئەوا بە داخەوە دەیڵێم سەرەڕای کەمبوونەوەی رێژەی توندوتیژی ئەوا هێشتا شەڕەکە درێژە دەکێشێت و حکومەتەکەی ئەسەد شەرعیەتی ئەوەی لە دەستداوە حوکمڕانی سەرتاسەری وڵاتەکە بکات و لەلایەن زۆرینەی خەڵکی سووریاوە کەسێکی قبووڵکراو نییە، لەبەر ئەوە وای نابینم بەم نزیکانە ناکۆکییەکە لەو وڵاتەدا چارەسەر بکرێت. رەنگە تا رادەیەك دۆخەکە هێوربێتەوە، ئەگەر بێتو و هێزە گەورەکان بڕیارێك لەو چەشنە بدەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع شەڕەکە بەردەوام دەبێت و تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر دوای تێکشکاندنی داعشیش.

**پێشتر ئێران و ئەمەریکا پشتیوانی هێزەکانی دژ بە داعشیان دەکرد، ئەوا ئێستا کە داعش لە تێکشکاندایە و لە کاتێکدا ئەو دوژمنە هاوبەشە لە ئارادا نەمێنێت، ئەوا بواری هاوکاری نێوان لە عێراقدا کەمتر دەبێتەوە، بە تایبەتی هەندێ لە گروپەکانی حەشدی شەعبی کە نزیکن لە ئێرانەوە**

**ئێران سوودی لە سەرهەڵدانی تەنگژەکەی قەتەر وەرگرتووە، بەتایبەتی کە ئەو تەنگژەیە دوای سەردانی دۆناڵد ترەمپ بۆ سعودیە هاتەئاراوە، کە لەو کاتەدا ترەمپ هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی بە سەرۆکایەتی سعودیە راگەیاند، یەکەمیان بۆ شەڕکردن لە دژی تیرۆرو دووەمیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا**

# بەرەو سەربەخۆیی کوردستان

**پێشەکی**

ماوەیەك لەمەو بەر ڕاپۆرتێکم بە زمانی ئینگلیزی لە ئی-کردرا بڵاو کردەوە کە تێیدا بۆچوونەکانی ‹نا› بەرامبەر بە بۆچوونەکانی بەڵێ تێیدا تاوتوێ کران و ڕاو بۆچوونی هاوسەنگ و لۆجیکیانە خرانە بەرچاوی خوێنەران. ئەوەی جێگای سەرنج بوو، یەکێك «بەرپەرچی ڕاو هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانمی بەدرێژیی لەژێر ناوی Paul Tillich دایەوە»

ئەوەش کەسایەتییەکی ناودارە لەسەر ئاستی جیهان و بە یەکێك لە فەیلەسووفەکانی بواری ئایینەکان ناودەبرێت کە لە دەستی ئەڵمانە نازییەکان کاتی خۆی هەڵاتووە بۆ ئەمریکا و لە ناوەڕاستی شەستەکاندا دنیای بەجێ هێشتووە. لە وەڵامەکەمدا بۆ تانەکانی، دڵخۆشیی خۆم دەربڕی بەوەی کە نزاو هاواری کوردستانیان گەیشتووەتە سەر ئێسقان و وادیارە ڕاپۆرتەکەم لەو دنیاش خوێنراوەتەوە و گرنگی پێ دراوە. لە وەڵامەکەیدا گەلێك نەرمیی نواندو دانی بەوەدانا کە ئەو نازناوی کەسایەتییە گرنگە بەکاردەهێنێت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕاو بۆچوونانەی کە تامیان لە زاری ئەودا ناخۆش بێت.

دەقی ڕاپۆرتەکە و تانەو جوابەکانی لەم لینکەی خوارەوەدا دەبینرێت:

http://ekurd.net/kurdistans-quest-identi-ty-2017-07-26

ئەوەی هەستم پێ کرد، هەبوونی پلانێکی ژێر پەردە لە چەند لایەن و دەوڵەتێکەوە کە دژی سەربەخۆیی کوردستانیان بن و گشت هەوڵێك بدەن بۆ هێشتنەوەی هەتا هەتاییان لە کۆیلەییدا و بەکارهێنانیان وەك ئامرازێکی پشێوی لە ناوچەکەدا. هەر بۆیە بە پێویستم زانی هەمان ڕاپۆرت بە زمانی کوردی بە دەستکاریەوە بۆ کوردستانیانی خۆشەویست بڵاو بکەمەوە.

نزیکەی سەدساڵێك لەمەوبەر لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، بە زۆرەملێ، ویلایەتی موسڵی سەر بە دەوڵەتە دۆڕاوەکەی عوسمانی کە زۆرینەی زۆری کوردستانی بوو، لکێنرا بە عێراقێکەوە کە بەریتانییەکان کە چاویان لە بەرمیلە نەوتەکانی کەرکوك بڕابوو، وایان زانی خێردار دەبێت بۆیان. کوردستانی گەورەش، لەت و پەت کرا و هەر وەك نێچیرێك کە لە ناوەڕاستی دارستانێکدا گەلەگورگێك ڕاوی کردبێت دابەشکرا و هەر بەشەی لکێنرا بە وڵاتێکی تازە لەدایکبووەوە. هەر لەونێوانەدا ئەنجومەنی ئاسایشی ‹نێودەوڵەتی› دامەزرا بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاری لە شێوازی لەشکرەکانی مەغۆل لە پێناو بەرپاکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ گەلان و هەر لەو ساتەوە کوردستانیان بە گەل ئەژمار نەکران و بڕیاری بە کۆیلە ژیانیان بۆ درا و زۆردار وستەمدارەکانیان لەژێر ئاڵای ئەنجومەنی ئاسایشدا پارێزران.

بەکار هێنانی پەردەو پاساوی دیانەت بۆ داگیرکاری و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات لە مێژوودا بەڵگەنەویستە و ئەوەش ئاشکرایە کە گورزی هەموومان موسڵمانین بە توندی لەنزیکەی پەنجا ملیۆن کوردستانیی داوە و لەژێر بەزەیی ئاغاکانیدا بەجێی هێشتوون. لەبیرمانە کە سەدام ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیابارانی دەکردین، هیچ لەو دەوڵەتە بەناو مسوڵمانانە بەزەییان قەت نەجووڵایەوە نارەزایی دەربڕن. هەر وا دەگەیەنێت کە دنیای پێشکەوتوو بڕیاری دابێت کە خاکی کوردستان بۆ خاوەنەکەیان حەرام بێت و ئەگەر وانەبێت دنیا ژێراوژێر دەبێت و زەوی بە پێچەوانەوە دەخولێتەوە. هەر وەك دیاردەی نەعامە، کە وای بۆ دەچن کە ئەگەر یەکێك لەپارچەکانی کوردستان ئاسوودە ببێت، بەو شێوازەی کە لە زانستدا بە دیاردەی ‹باڵە پەپوولەکە› ناو دەبرێت، ئەوە دەتەنێتەوە بۆ پارچەکانی کەی کوردستان و ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی



پ. جەمال ڕەسول محەمەدئەمین*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کوردستانی گەورە. لێرەدا، ئەوە لە بەرچاو ناگرن کە دابەشکارییەکەی نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر بەسەر کوردستانیاندا سەپێنرا، پارچەکانی وا لەیەك دوور خستووەتەوە کە یەکگرتنەوەیان و ژیانیان لەژێر یەك سیستیمدا ئەگەر ئەستەم نەبێت، کارێکی ئاسان نییە. تەنانەت جیاوازیی ئەوانەی نزیك لە سنوورەکانی ئێرانەوە دەژین لەگەڵ ئەوانەی لە نزیك سنوورەکانی تورکیاوە دەژین، بە ئاسانی دەبینرێت.

بە هاوشانی ئەم ڕاستیانەش، تەکنولۆجیا لەم دواییانەدا لە لووتکەیەکەوە بازی داوەتە لووتکەیەکی بەرزتر و لەسەر ئاستی جیهاندا زانیاری و تاوتوێ کردنی زیاتر کراوەتەوە بەڕووی کۆمەڵگاکاندا و چیتر شاردنەوەی ڕووداوەکان بە باش و بە خراپ کاریگەر نەماوە. ئەوەی کە لە زەمانی سەدامدا بلدۆزەریان لە ماڵێك دەنا کە خاوەنەکەی هاوڕایان نەبوو و لە ماوەی نیوکاتژمێردا دار خورمایەکیان لە جێگای خانووەکە دەچەقاند هەر وەك هیچ رووی نەدابێت، لەم زەمانەدا بەهیچ سیستمێك ناکرێت. ئەو گەنجانەی کە لەژێر پاساوی جیا جیادا هەفتانە لە سێدارە دەدرێن و ئەو گەڕەك و شارانەی کە لە کوردستاندا وێران دەکرێن، وێنەکانیان لە شاشەکانی جیهاندا دەبینرێن و دووریی و نزیکیی مانایەکی ئەوتۆی نەماوە. بەو مانایەی کە هەر ستەمکارییەك بەرامبەر هەر کۆمەڵگایەك بکرێت، لە ڕووی جیهاندا ناشاردرێنەوە و نموونەی ئەمانەش زۆرن.

ئەوەی لە مێژوودا نووسراوە، کە بەریتانیا وەك باڵادەستی جەنگە جیهانییەکان، کە زۆری لە عوسمانییەکان کرد دەست لە ویلایەتی موسڵ بەربدەن تا لەبەر خاتری بەرمیلە نەوتەکانی، بە عێراقی ئەوسا تازەیەوە بلکێنن، تورك داوای دەستەبەرکردنی متمانەیان لە ئینگلیز کرد کە خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هاونیشتیمانییەکانی سەربە ویلایەتەکەی موسڵ بپارێزن، بەڵام هێندەی نەبرد کە ئینگلیز عێراقە تازەکەی لەدەست داو کوردستانیانیش بۆ قەدەری ناوچەکە بەجێ ما و ستەمکارەکانیان بەردەوام بوون لە کارە نارەواکانیان لەژێر چەتری ئاسایشی نێودەوڵەتیدا.

ئەو نارەواییانەی لەسەر کوردستانییان ئەنجام دران هەتا ڕووخانی دەوڵەتی عێراقی دوای جەنگی کەنداو و ئەوانەش کە تا ئێستاش بەردەوامن، ئاشکران. هەر بە نەمانی عێراق و بەرپاکردنی هێڵی دژەفڕین، کوردستانییان دەستیان بە هەناسەدان کرد و نیشانەکانی دەوڵەتێکی هاوچەرخی لە کوردستان دەرکەوتن و زۆربەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان دەستیان بە وەبەرهێنان کرد لە بوارە جیاکاندا. هێندەی نەبرد بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو ڕاستییە دەرك پێ بکەن کە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە لەدایکبوونی کوردستان لەدایکبوونی ئاژاوە دەبێت لە ناوچەکەدا، کوردستان کۆڵەگەی لەیەك نزیکبوونەوەیە و دەرگایەکی بەسوودی ئاڵوگۆڕی پێداویستی و کاڵاکانە لە بەینی وڵاتەکانی ناوچەکەدا و پەناگەیەکی ئارامە بۆ گشت نەتەوەو و دیانەتە جیاوازەکانی ناوچەکە. کە بەهۆی ململانێیە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لە عێراق و سوریا بوونەتەهۆی لەدایکبوونی توندڕەوەکانی داعش، سەرباری گشت کێشەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، کوردستان بووە یەکەم داڵدەدەری هەڵاتووانی نەك تەنیا عێراق، بەڵکو ئەوانەش کە لە ستەمی هەرسێ هاوسنوورەکانی دیکەی کوردستان کە ژمارەیان لە دوو ملیۆن تێپەڕی کرد. دەکرێت مەزەندە بکرێت کە لەنێوان ئاوارەکاندا خێزان و منداڵی بێ گوناهی داعشەکانیشی تێدا بێت لە کاتێکدا کە نووسەری ئەم ڕاپۆرتە لە دەستی سەدام دەرباز بوو، لەهیچ کام لەو وڵاتانەدا جێگای نەبووەوە.

ئێستاش لە میدیاکاندا دەبینرێت کە چەند نووسەرێك لە دوای ڕووداوەکانی داعشەوە بە بێ

دابەشکارییەکەی نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر بەسەر کوردستانیاندا سەپێنرا، پارچەکانی وا لەیەک دوور خستووەتەوە کە یەکگرتنەوەیان و ژیانیان لەژێر یەک سیستیمدا ئەگەر ئەستەم نەبێت، کارێکی ئاسان نییە. تەنانەت جیاوازیی ئەوانەی نزیک لە سنوورەکانی ئێرانەوە دەژین لەگەڵ ئەوانەی لە نزیک سنوورەکانی تورکیاوە دەژین، بە ئاسانی دەبینرێت.

**نزیکەی سەد ساڵێک لەمەوبەر لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، بە زۆرەملێ، ویلایەتی موسڵی سەر بە دەوڵەتە دۆڕاوەکەی عوسمانی کە زۆرینەی زۆری کوردستانی بوو، لکێنرا بە عێراقێکەوە کە بەریتانییەکان کە چاویان لە بەرمیلە نەوتەکانی کەرکوک بڕابوو، وایان زانی خێردار دەبێت بۆیان. کوردستانی گەورەش، لەت و پەت کرا و هەر وەک نێچیرێک کە لە ناوەڕاستی دارستانێکدا گەلەگورگێک ڕاوی کردبێت دابەشکرا و هەر بەشەی لکێنرا بە وڵاتێکی تازە لەدایکبووەوە**

بەزەییانە تانە لە کوردستان دەدەن و دەڵێن کوردستان ئەو بەهەشتە نەبوو کە باسی لێوە دەکرا. نادروستی و ناڕاستیی ئەوەش لەوەدایە کە نەك تەنیا بڕینی مووچە بۆ چەند ساڵێك و ڕاگیرانی زیاد لە سێ هەزار پرۆژەی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ زیادبوونی ئاستی هەژاری و بێکاری، ئەگەر بۆ چەند مانگێکی کەم باج لەسەر هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو زیادبکرێت، ئاژاوە بەرپا دەبێت هەر وەك ئەو دیاردەیەی لە زەمانی مارگرێت تاتشەر دا لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ڕوویدا. ئەگەر کوردستانییان خۆڕاگر وخۆبەخش نەبوونایە بەرامبەر داخوازییە ڕەواکانی، دەمێك دەبوو لە ئەنجامی چەوسانەوە و مامەڵەی ناڕەوای دەیان ساڵ، ناسنامەکەی لەدەست بدایە.

هەر وەك بەرژەوەندیی زلهێزەکان دیسان بنیادنانەوەی عێراق بووە بەو هیوایەی کە هەر جارێك وایان زانیوە ئەم جارەیان سەرکەوتوو دەبن. بۆ هەوڵی سێیەم جار، بەدوای جەنگی کەنداودا، کوردستانییان بەڕاوێژ لەگەڵ ئەمەریکییەکاندا، ڕەزامەندیان دا بەگەڕانەوە بۆ ژێر چەترەڕەشەکەی عێراق و تەنانەت کەرکوکە ئازادکراوەکەو گەلێك ناوچە کوردستانییەکانیان بەجێهێشت بە ناوی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بە هیوای ئەوەی چارەسەریان بۆ ئەنجام بدرێت لە سنووری دەستووردا کە زۆرینەی عێراقییەکان ڕەزامەندییان لەسەر دا. بەتێپەڕ بوونی کات و وردە وردە بەهێز بوونەوەی عێراق، ماددەی ١٤٠ی دەستوور پێشێلکرا و ئەمەریکییەکانیش لە عێراق دەرکران و گەڕانەوەیان پێویستی بە لەدایکبوونی داعش بوو. هەوڵە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستانییان بۆ پێکەوەژیانی یەکسانی، لایەنانی کە بە هاوتەریب کاریان بۆ باڵادەستی کردووە بە شێوازێك کە هیچ ڕێگایەك و چارێکی دیکە جگە لە سەربەخۆیی نەماوە و بۆ ئەم مەبەستەش وەك هەرکۆمەڵگایەك، کوردستانییان مافی ڕادەبڕینی خۆیان هەیە لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانیاندا.

## ● گشتپرسی

هەر لەو ساتەوەی بانگەوازی گشتپرسی کراوە کە ئەنجام بدرێت لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ دا، دۆست و زیاتر دوژمنانی دنیای میدیایان پڕ کردووە لە هاتوهاواری دوورو نزیك. لە کاتێکدا نەیارانی گشتپرسی بە دەنگی بەرز ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دەدەن:

١. دەبێت پەرلەمانی کوردستان بە بێ مەرج کارا بکرێتەوە.

٢. دەبێت هەڵبژاردن بۆ سەرۆکێکی تازەی کوردستان ئەنجام بدرێت.

٣. کاتەکەی نەگونجاوە و لایەنەکان سەرقاڵی شەڕی داعشن.

٤. ئەمە تەنیا یارییەکی سیاسیە و پەیوەندیی بە سەربەخۆییەوە نییە.

٥. تورکیا و ئێران ڕووبارەکانمان لێدەگرنەوە و لە تینواندا دەمرین.

٦. ئەم کارە دەتەنێتەوە بۆ وڵاتانی دراوسێ ئاژاوە لە ناوچەکەدا دەنێتەوە.

٧. هاوردەی وڵاتەکانی دراوسێ ڕادەگیرێن و لە برسانا دەمرین.

٨. دابەزینێکی گەورە لە بازاڕی خانووبەرەدا ڕوودەدات.

٩. ئەم هەنگاوە دژی دەستووری عێراقە کە کوردستانییان خۆیان دەنگیان بۆ داوە.

١٠. ئەمە دژی دیانەتە و خوا تووڕەدەکات.

لیستی بیانووە تۆقێنەرەکان دوورو درێژن و جلوبەرگی جیاوازیان لەبەردا کراوە. هەر وەك زانستی کامپەینەکانی دژایەتیی مێژوویەکی کۆنیان هەیە و کارامەترینیان ئەوانەن کە کار لەسەر عاتیفەی بێلایەنان دەکەن و هەوڵی ئەوە دەدەن بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن. سەرچاوەکانیشیان بە ئاسانی دەستنیشان دەکرێت بەتایبەتی کە بۆچوونەکان و لێکدانەوەکانی نەیارانی کوردستانییان دەبیستین کە دژی داوا ڕەواکانیان دەوەستنەوە. دەکرێت کۆکردنەوەی ئەو پاساوانە بە پێی سەرچاوەکانیان سوودێکی باشی هەبێت لە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانیاندا. ئەوەی جێگای داخە کە هەندێك لەو پاساوانە لە چەند لایەنێکی چاوەڕواننەکراوەوە دێن.

بەرامبەر بەو دژایەتییە، پاڵپشتانی گشتپرسی و سەربەخۆیی دەمانگێڕنەوە بۆ ئەو قسە نەستەقەی کە دەڵێت «پێناسەی نیشتمانی هەر وەك تاجێکی شاهانە وایە لەسەری ئەو کەسانەدایە کە تەندروستن، بەڵام تەنها نەخۆشەکان دەیبینن». هەر ئەوەش بوو کە پاڵی بە بەریتانییەکانەوە نا پێداگریی لە پاراستنی دراوەکەیان، ستیرلنگ، بکەن و نەیگۆڕنەوە بە یۆرۆ لە ئەنجامی دروستبوونی وڵاتەکانی یەکێتیی ئەورووپادا.

ئەمانەش هەندێك لەو ڕاو بۆچوونانەن کە پشتگیری لە بەشداریی گشتپرسی دەکەن بۆ سەربەخۆیی.

١. هەریەك لە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانتاران لە کۆمەڵگاوە هەڵبژێردراون کە ڕۆڵی خۆیان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگای کوردستانی ببینن و سوێندی یاساییان خواردووە بۆ پاراستنی یەکڕیزیی گەل. هەر لاڕێیەك لەم سوێندە ڕووبدات، سەروەریی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا و دەنگ و خواستی کۆمەڵگا لە سەرووی گشت دەنگ و خواستەکانەوە دەبێت.

٢. زۆر وڵات هەن کە سیستمی پەرلەمانتاری پەیڕەو ناکەن و بە بێ پەرلەمان بەڕێوەدەچن.

**بەکار هێنانی پەردەو پاساوی دیانەت بۆ داگیرکاری و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات لە مێژوودا بەڵگەنەویستە و ئەوەش ئاشکرایە کە گورزی هەموومان موسڵمانین بە توندی لەنزیکەی پەنجا ملیۆن کوردستانیی داوە و لەژێر بەزەیی ئاغاکانیدا بەجێی هێشتوون. لەبیرمانە کە سەدام ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیابارانی دەکردین، هیچ لەو دەوڵەتە بەناو مسوڵمانانە بەزەییان قەت نەجووڵایەوە ناڕەزایی دەرببڕن**

۳. هێشتا کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی نییە کە گشت کوردستانییان بگرێتە خۆی و کۆمەڵگا پەسندی کردبێت.

٤. هیچ وڵاتێك نییە چاوەڕێی کردبێت گشت مەرجەکانی بە وڵاتبوونی تێدا بێت پێش ئەوەی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت بە وڵاتە زلهێزەکانیشەوە. دواخستن بە پاساوی کاتی گونجاو، تەنیا چاوەڕێکردنی ساتێکە کە نەیاران ئاسانتر و کاریگەرانەتر کوردستانییان دەمکوت و سەرکوت بکەن.

٥. زۆر وڵات هەن کە ئەنجومەنی ئاسایش پەسەندی کردوون و وڵاتن، بەڵام هێشتا مەرجەکانی بەوڵاتبوونیان تێدا نییە.

٦. ئەگەر نەیاران هێندە دڵنیان کە ڕاگەیاندنی گشتپرسی تەنیا گەمەیەکی سیاسییەو پەیوەندیی بە سەربەخۆییەوە نییە، با گشتیان دەنگی بەڵێ بدەن و چاوەڕێ بکەن ئەنجامەکەی چی دەبێت.

۷. لەم ساتەدا، ئەگەر سنوورەکانی کوردستان بۆردومان کران یان ڕووبارەکانی لێگیرایەوە لەلایەن دراوسێکانەوە، بارودۆخەکەی تەنیا ڕێگای پێ دەدات کە لە حاکمەکانی بەغداد بپاڕێتەوە قسە لەگەڵ دراوسێکان بکەن بۆ چارەسەری کێشەکان. بەڵام ئەگەر کوردستان دەنگی لەسەر ئاستی جیهان هەبێت، مافەکانی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان باشتر پارێزراو دەبێت.

۸. ئەگەر ئەو ڕۆژەی هەڵەبجە کرا بە پارێزگا بەبیر خۆمان بهێنینەوە، دەزانین کە نرخی خانووبەرە لە دەڤەرەکەدا دە بەرامبەر زیادی کرد. بە مانای ئەوەی کە لەگەڵ بە وڵاتبوونی کوردستاندا، هەمان دیاردە چاوەڕوان دەکرێت.

۹. کوردستان بە یەکلایەنانە پارێزەری دەستووری عێراق بووە لە کاتێکدا حکومەتی بەناو فیدراڵ بە بەردەوامی هەر بەندێك لە بەرژەوەندیی خۆیدا نەبووبێت پێڕەوی نەکردووە و بەربەستی بەئەنجامدانی بووە.

۱۰. دەبێت ئەوانەی وا بیردەکەنەوە کە پشتگیرانی سەربەخۆیی لە زەمانی دێرزەماندا دەژین، ئەو ڕاستییە بزانن کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دێرزەماندا دەژی و کوردستان مەبەستییەتی لەو کۆیلەییە بەدەر بێت. پاش تێپەڕ بوونی سەد ساڵ، ئەو جیاوازی و ململانێیەی ئەم ساتە لەبەینی سوننە و شیعەدایە دە بەرامبەر زیاترن لەو جیاوازی و ململانێیەی کە لە ساتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا هەبوون و کوردستانییان هیچ دەستکەوتێکیان نابێت ئەگەر بەشێك بن لەو ململانێیە کە لە بنەڕەتدا باوەڕیان پێی نییە.

۱۱. بەراورد کردنی نێوانی سکۆتلەندییەکان و ئینگلیز یان کیوپەکییەکان لە کەنەدا لەگەڵ کوردستانییان و باقیاتی عێراق نابەجێ و بێ بنەمایە.

گەلێك خاڵی پشتگیری کە هەن بۆ سەربەخۆیی وڵاتان و کوردستانیانیش سەلماندوویانە بۆ دنیای پێشکەوتوو کە هاوبەهای ئەوانن و باوەڕیان بە ئاشتەوایی و فرەڕەنگی و فرەئایینی هەیە.

لەم دووڕیانە مێژووییەی کۆمەڵگاکەماندا، ئەرکی گشت تێگەیشتوان و ئەوانەی کە بەرپرسن یان خۆیان بە بەرپرس ئەژمار دەکەن، پێویستە بە دەنگی بەرز ڕۆڵی خۆیان لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگادا ببینن و پشتگیریی ئەو تەڵەیە نەبن کە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا لە ئەنجامی نەبوونی یەکدەنگی و یەکڕیزیدا نەتەوەکەمان بە خوێن داویەتی. هەر وەك بیرسا واتە لۆجیك نیشانی دەدات، بنەمای گشت یاسا و ڕێساکانی بەڕێوەبردن و سەرکەوتنیان، پشتبەستنە بە ڕا و خواستی زۆرینەی کۆمەڵگا و ئەوەش ئاشکرایە کە دوا بەدوای نەمانی خاڵە سنووریەکانی نێوان دوو وڵاتە بەزۆردروستکراوەکەی عێراق و سوریا، ململانێی ناوچەیی و دەرەکی دێنە کایەوە بە شێوازی سایکس-پیکۆی یەکەم سایکس- پیکۆیەکی دیکە دێتە کایەوە و ئەگەر هەر وەك ئەوساتە، کوردستانییان بەهۆی نەبوونی یەکڕیزی لە ئاستی قەبارەیاندا ڕۆڵی خۆیان نەبینن، هێزەکەشیان بێ سوود دەبێت و بۆ سەد ساڵی ئایندە و بە هەمان شێواز باجەکەی دەدەن و دیسانەوە یەکەم دۆڕاوەکە دەبنەوە.

> **بە هاوشانی ئەم ڕاستیانەش، تەکنولۆجیا لەم دواییانەدا لە لووتکەیەکەوە بازی داوەتە لووتکەیەکی بەرزتر و لەسەر ئاستی جیهاندا زانیاری و تاوتوێ کردنی زیاتر کراوەتەوە بەڕووی کۆمەڵگاکاندا و چیتر شاردنەوەی ڕووداوەکان بە باش و بە خراپ کاریگەر نەماوە. ئەوەی کە لە زەمانی سەدامدا بلدۆزەریان لە ماڵێک دەنا کە خاوەنەکەی هاوڕایان نەبوو و لە ماوەی نیوکاتژمێردا دار خورمایەکیان لە جێگای خانووەکە دەچەقاند هەر وەک هیچ ڕووی نەدابێت، لەم زەمانەدا بەهیچ سیستمێک ناکرێت**

هیوای سەربەخۆیی کوردستان بۆ چەسپاندنی پێناسەیان تازە لە دایك نەبووە و هیچ لایەنێکیش خاوەنی نییە تەنیا کۆمەڵگای کوردستانی نەبێت. ململانێی سیاسی وبەدەست هێنانی باڵادەستیی دەبێت لەم پرۆسەیەدا لەچاڵنرێت و درووشمەکانی بۆ من نەبێت با نەبێت و من بەدەستی نەهێنم کەس نابێت بەدەستی بهێنێت، تەنیا ئەنجامی نەهامەتییە بۆ خاوەنەکەی و کۆمەڵگا. جێگای بایەخە بزانین کە زۆربەی ئەو کێشانەی کە ئێستا هەن لە کۆمەڵگای کوردستانی و دراوسێکانی، هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە پێناسەیەکی نیشتمانیمان نییە. بە سەربەخۆیی کوردستان گەلێك لە کێشەکانمان چارەسەر دەکرێن یان خێرا تر چارەسەریان بۆ دەستنیشان دەکرێت و لە جیاتی ژیانی ژێر دەستەیی، دراوسێیەکی هاوشانیی، ئاسوودەیی و پێشکەوتن، کاراتر و خێراتر دەستەبەر دەبن. خۆ ئەگەر لە زەمانی شێخ مەحموودی نەمردا، کوردستانییان یەکبوونایە و پاڵپشتی شانشینی کوردستان بوونایە، دەبوو ئەنفال و ڕاگواستن و زینەبەچاڵ و دەربەدەر بکرانایە؟

> **لەم دووڕیانە مێژووییەی کۆمەڵگاکەماندا، ئەرکی گشت تێگەیشتوان و ئەوانەی کە بەرپرسن یان خۆیان بە بەرپرس ئەژمار دەکەن، پێویستە بە دەنگی بەرز ڕۆڵی خۆیان لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگادا ببینن و پشتگیریی ئەو تەڵەیە نەبن کە لە سەد ساڵی ڕابوردوودا لە ئەنجامی نەبوونی یەکدەنگی و یەکڕیزیدا نەتەوەکەمان بە خوێن داویەتی**



**جێفری فریدمان پرۆفیسۆرە لە بەشی حکومەت لە کۆلێژی دارتماوس، تایبەتمەندە لە بواری سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی. بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخ بەوە دەدات کە چۆن بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەیی هەڵسەنگاندن بۆ نادڵنیایی دەکەن و، چۆن ئەمەریکا ئەولەویاتەکانی خۆی ڕێکدەخات بۆ وەڵامدانەوەی فۆرمە جیاوازەکانی مەترسی. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك بڕیارسازی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە و شرۆڤەکاری هەواڵگری. جێفری فریدمان لەگەڵ هەردوو پرۆفیسۆر ستیڤن بیدڵ و جەیکۆپ شاپیرۆ، چەند توێژینەوەیەکی لەبارەی عێراقەوە ئەنجام داوە. تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە و چەند پرس و بابەتێکی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێم وایە هێشتا ئیدارەی ترەمپ کار لەسەر ئەوە دەکات کە بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ هەندێ لە کێشە و ناکۆکییە گەورەکانی ناوچەکەدا بکات. ئیدارەی ترەمپ بەو ئومێدە دەسەڵاتی گرتەدەست کە بتوانێت بە هاوکاریی رووسیا دۆخی سووریا سەقامگیر بکات، کە پێدەچێت ئەو ئومێدەش لەبارچووبێت لە ئێستادا کە هەڵکشانی گرژی لە نێوان ئەمەریکا و ڕوسیادا بەدی دەکەین. لەبەر ئەوە پێویستە ئیدارەی ئەمەریکا بە ڕێگاچارەکەی خۆیدا بچێتەوە. لەلایەکی دیکەوە تەنگژەی قەتەر ئەمەریکای خستۆتە پێگەیەکی ئاڵۆزەوە، کە لەسەرەتادا وا دەردەکەوت ئیدارەی ترەمپ پشتیوانی لەو هەنگاوانە بکات کە دژ بە قەتەر هەڵگیران، بەڵام پێدەچێت لە ئێستادا هەندێ گومان هەبێت لەو ڕووەوە. کەواتە لە پرسی سووریا و قەتەردا وا دەرکەوت کە ئەمەریکا خوازیاری ئەوە بێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا کار بکات، کە ڕوون بۆوە ئەمەش کارێکی قورسە. هەروەها لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ترەمپ بانگەشەی زۆر توندی دەکرد لە دژی ڕێککەوتنەکە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و ئیدارەی ئۆباما، بەڵام لەم ساتەوەختەدا پێدەچێت پابەند بێت بەو ڕێککەوتنەوە. بەڵام ئێمە لێدوانی زۆرمان نەبیستووە لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە

جێفری فریدمان
تایبەتمەند لە بواری سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ گوڵان:

# ئەگەر کوردستان نەبوایە، ئەمریکا نەیدەتوانی شەڕی داعش بەو جۆرە بکات

لەبارەی عێراقەوە، ئەگەرچی وا دیارە کە ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە لە دژی داعش لەم وڵاتەدا، بەتایبەتی ئەوەی لە شاری موسڵدا بەدیکرا.

*** هەمیشە ئەو ڕەخنەیە لە ئیدارەی ئۆباما دەگیرا کە لە ناوچەکە پاشەکشەی کردووە و خۆی بەدوور گرتووە لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە بە مەترسی و لە ئاست بەرپرسیارێتی سەرکردایەتیکردندا نەبووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ئێستای ترەمپ تا چەند ئامادەیە بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بگرێتە ئەستۆ و سەرکردایەتی هەوڵێکی جیددی بکات بۆ چارەسەرکردنی تەحەددی و تەنگژە جیددیەکانی ناوچەکە؟**

- زەحمەتە ئەمە لەم ساتەوەختەدا یەکلابکەینەوە، پێم وایە ئیدارەی ترەمپ دوو ئامانجی ناکۆك بەیەکی گرتۆتەبەر، یەکەمیان خواستی ئەوەی هەیە کە ڕۆڵێکی بەهێز و ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت، کە ئەندامانی ئیدارەی ترەمپ نائومێد بوون لەو ڕێچکەیەی ئۆباما گرتییەبەر، کە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد –ڕێچکەی ئۆباما- بریتی بوو لە خۆبەدورگرتن لە مەترسی و سەرکێشی، دووەمیان ئەوەیە ئەوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان کردۆتە ئەولەویەتی یەکەم و خواستی ئەوەیان نییە کە هێزێکی گەورەی سەربازیی ئەمەریکا ڕەوانەی ناوچەکە بکەن بۆ ئەوەی بڕێکی گەورەی هاوکاری دەرەکی دەستەبەر بکەن. کەواتە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا ئیدارەی ترەمپ هەڵدەستێت بە هەموارکردنەوەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ شەریکەکانی ناوچەکەدا، کاتێك دەبینێت کە ئەو ڕێگاچارەیەی گرتویەتیە بەر بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ئەو دەرئەنجامە بەدەست ناهێنێت کە خوازیاری بوو.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باست لە شەڕی موسڵ کرد، ئایا مەترسیی لە دەستدانی ئاشتی لە ئارادایە دوای ئەوەی توانرا لە شەڕەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە هەمیشە نیگەرانییەکە و لە ئارادایە. لەم ساتەوەختەدا ئیدارەی ترەمپ متمانەی بەوە هەیە کە داعش نەتوانێت ئەو خاکە بەدەست بێنێتەوە کە لە دەستی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا — هەروەك ئەوەی لە عێراقدا و لە دوای زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا بینیمان- گرنگە کە بونیادێکی حوکمڕانی سەقامگیر بێتەئاراوە. بەڵام بە بێ بوونی ژمارەیەکی گەورەی هێزی سەربازیی ئەمەریکا، نیگەرانی ئەوە هەیە کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران ئەو ناوچانە بە چەشنێك کۆنترۆڵ بکات کە ببێتەهۆی قووڵکردنەوەی گرژی و ناکۆکیی تایەفەگەری لەبری ئەوەی خاویان بکاتەوە.

*** کەواتە پێت وایە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی سەقامگیرکردنەوە سەرکەوتوو بن ئەوا دەبێت**

**ترەمپ نیگەرانە لە ئەگەر گەڕانەوەی ناسەقامگیری یان زیادبوونی ئاستی ناسەقامگیری لەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە لە ئەمەریکا ئامادەیی ئەوە هەبێت کە چاوپۆشی لەوە بکرێت ئەمەریکا بە شێوەیەکی بەردەوام قوربانی بدات و ئەگەری ئەوەش نییە کە ترەمپ خۆی بخاتە دۆخێکەوە کە ئەوە ڕوو بدات**

**سوننەکانی ئەنبار و شوێنەکانی دیکە، ئامادەبوون کار لەگەڵ ئەمەریکا و حکومەتی عێراقدا بکەن بۆ دەرکردنی ئەل قاعیدە. بەڵام دوای ئەوە مالیکی پاشگەز بۆوە لە بەڵێنەکانی بۆ ئاوێتەکردنی ئەو سوننانە لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا یاخود پاشگەزبۆوە لەوەی بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنیان**

**میلیشیا شیعە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە کێشەیەکی گەورەی بەردەم بەرەوپێشچوونی سیاسین، ڕاستە ئەوان باسکێکی سەربازی گەورەن لەسەر زەوی و پێناچێت ئەمەریکاش بیەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ رووبەڕوویان ببێتەوە، هەروەها زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە حکومەتی عێراقیش خوازیاری ئەوە بێت ئیستفزازیان بکات**

**ژمارەیەکی زۆری هێزی سەربازی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا جێگیر بکرێن و لە هەمان کاتدا چاکسازی لە بونیادی حوکمڕانیدا بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا مەرج نییە هێزێکی سەربازی گەورەی ئەمەریکا جێگیر بکرێت و بۆ من مایەی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر بێتو ترەمپ پێشنیارێکی لەم چەشنە بکات، ئەگەرچی مایەی سەرسوڕمانی من نابێت، ئەگەر بێتو ترەمپ ژمارەی هێزەکان بە چەند سەت یان هەزار سەربازێك زیاتر بکات. ڕاستە ترەمپ نیگەرانە لە ئەگەر گەڕانەوەی ناسەقامگیری یان زیادبوونی ئاستی ناسەقامگیری لەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش ڕزگارکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم وانییە لە ئەمەریکا ئامادەیی ئەوە هەبێت کە چاوپۆشی لەوە بکرێت ئەمریکا بە شێوەیەکی بەردەوام قوربانی بدات و ئەگەری ئەوەش نییە کە ترەمپ خۆی بخاتە دۆخێکەوە کە ئەوە ڕووبدات.

*** ئێوە لەگەڵ هەردوو پرۆفیسۆر ستیڤن بیدڵ و جەیکۆپ شاپیرۆدا چەند وتار و توێژینەوەتان نووسیوە لەبارەی عێراقەوە، ئێستاش ڕەوشەکە لە عێراقدا بە چەشنێکە کە بێ متمانەییەکی قووڵ لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتەدا هەیە، ڕا و بۆچوونی ئێوە چییە لەم بارەیەوە و ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبینن؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە پەند و وانەکانی زیادکردنی ژمارەی هێزەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا بریتییە لە گرنگی بەدەستهێنانی هاوکاری پێکهاتەی سوننە، سەرکەوتنی ستراتیژیەتی زیادکردنی هێزە لە بەشێکی سەرەکیدا بۆ ئەوە گەڕایەوە کە سوننەکانی ئەنبار و شوێنەکانی دیکە، ئامادەبوون کار لەگەڵ ئەمەریکا و حکومەتی عێراقدا بکەن بۆ دەرکردنی ئەل قاعیدە. بەڵام دوای ئەوە مالیکی پاشگەز بۆوە لە بەڵێنەکانی بۆ ئاوێتەکردنی ئەو سوننانە لە هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا یاخود پاشگەزبۆوە لەوەی بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنیان. کە دەرکەوت ئەوەش هەڵەیەکی گەورە بوو. کەواتە دوای ڕزگارکردنی موسڵ لەژێر دەستی داعش ئومێدەکە ئەوەیە پەیوەندی لەگەڵ هەندێ لە گروپە مەحەلییەکان دروست بکرێت و ئەو دەستکەوتانە بچەسپێنرێن کە بەدەست هاتوون. ئەگەرچی ئەمە وا دەردەکەوێت کە پێویستی بە بنیاتنانەوەی متمانە هەیە لە نێوان سوننە و دەوڵەتدا، کە دەرکەوتووە ئەمە ئەرکێکی زۆر زەحمەتە.

*** ئایا پێشبینی و خوێندنەوەت چییە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراق، بەتایبەتی کە دەزانین هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی داوە و ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چی دەبێت لەم ڕووەوە؟**

- ئەوە ڕوونە کە ئەمەریکا بە ڕاددەیەکی گەورە پشتی بە کوردستان بەست بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی لە دژی داعش، واشنتۆن ئەمە بە پەیوەندییەکی گرنگ دەزانێت کە بوونی هەیە لەسەر ئەرزی واقیع، لە دەرئەنجامدا پێم وایە ئیدارەی ترەمپ بایەخ بە برەودان بە بەرژەوەندیی کورد بدات، ئەگەرچی سەربەخۆیی تەواو هەنگاوێکی تەواو مشتومڕئامێز دەبێت و ئیدارەی ترەمپیش ڕاینەگەیاندووە کە پشتیوانی ئەو هەنگاوە دەکات.

*** ئێوە لە یەکێك لە وەڵامەکانتاندا باستان لە مەترسیی میلیشیاکانی سەر بە ئێران کرد لە عێراقدا، ئایا مەترسی ئەوە هەیە ئەم میلیشیایانە ببنە بەربەست و هەوڵەکانی ئاشتەوایی و سەقامگیری لەباربەرن؟**

- پێم وایە میلیشیا شیعە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە کێشەیەکی گەورەی بەردەم بەرەوپێشچوونی سیاسین، ڕاستە ئەوان باسکێکی سەربازی گەورەن لەسەر زەوی و پێناچێت ئەمەریکاش بیەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ رووبەڕوویان ببێتەوە، هەروەها زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە حکومەتی عێراقیش خوازیاری ئەوە بێت ئیستفزازیان بکات. یەکێك لە پەند و وانەکانی ستراتیژییەتی زیادکردنی هێز لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨دا ئەوەبوو کە هێزێکی ئەمنی مەحەلی بنیات بنرێت کە تێیدا شیعە و سوننە بتوانن بە شێوەیەکی کارا پارێزگاری لە شوێنەکانی خۆیان بکەن، کە لەو کاتەدا دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانانی توانیان ئاگربەستێك بەسەر ئەو گروپانەدا بسەپێنن - کە ئاگربەستێکی ئاسانیش نەبوو-، کە ئەمەش بواری ڕەخساند هێزە ئەمنییە مەحەلییەکان بتوانن بەرگری لە پێکهاتەکانیان بکەن بەبێ ئەوەی دوژمنایەتی و دژایەتی لە نێوانیاندا بورووژێت، بەڵام ئەوەش پێویستی بە ئیدارەدانێکی کارا هەبوو لەلایەن هاوپەیمانانەوە، کە لە ئێستادا ئەمەریکا بوون و ئامادەبوونێکی لەو چەشنە نییە لە عێراقدا بۆ ئەوەی ببێتە میانگیرێکی بێلایەن، بەو پێیە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی عێراق.

*** ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بارودۆخەی لە ناوچەکەدا باڵادەستە بواری بۆ ئێران ڕەخساندووە کە پەرە بە باڵادەستی خۆی بدات و ئایا باشترین ڕێگاچارە چییە بۆ ئەوەی ئەمەریکا ئیحتیوای دەستڕۆیشتوویی ئێران بکات؟**

- هەندێ جار من لەگەڵ ئەوەدام کە ئێران سوودمەندە لەو بارودۆخەی لە ئارادایە، سووریا لە زۆر ڕووەوە پشت بە ئێران دەبەستێت، عێراقیش پاڵنەری هەیە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئێراندا بکات. بەڵام هەندێ جاریش ئەمە زیادەڕەوی

تێدا کراوە، بۆ نموونە، ڕاستە شەڕی سووریا پێگەی ئێرانی لە سووریا بەهێزکردووە، بەڵام پێناچێت ڕژێمی ئەسەد – لە دەوڵەتێکی لاوازدا- سامانێکی ستراتیژی بێت بۆ ئێران. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، ئەوا پێدەچێت ئەمەریکا پاشگەزبووبێتەوە لە لابردنی ئەسەد لە دەسەڵات، واتە ڕوون نییە ئایا پلانی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران چییە لەو وڵاتەدا، لە عێراقیشدا ئەم بەرەنگارییە بەوە دەبێت کە پەرە بە پەیوەندییەکی پتەو و سەقامگیر لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بدرێت بە چەشنێك کە عێراق پێویستی بە هاوکاری ئێران نەبێت. بەڵام کە هێزێکی گەورەی سەربازی جێگیر نەکرێت لە عێراقدا، ئەوا ئەو هاوکارییە لە شێوەی یارمەتیی ئابووری و ئاڵوگۆڕی هەواڵگری و مەشقی سەربازیدا دەبێت. بەڵام هێشتا ڕوون نییە کە ئیدارەی ترەمپ تا چەند ئامادەیە ئەو هاوکارییانە زیاتر بکات.

*** ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە دۆخێکی دژوار و ئاڵۆز باڵی بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە، ئایا پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی بەلای کەم دۆخەکە هێوربکرێتەوە و دەست بە گفتوگۆیەکی جیددی بکرێت؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە سەقامگیرکردنەوەی دۆخی سووریا پێویستی بە جۆرێك لە هاوکاری لە نێوان ئەمەریکا و رووسیا هەیە، چونکە پشتیوانی رووسیا بۆ ئەسەد دەبێتەهۆی ئەوەی ئەسەد پاڵنەرێکی کەمی هەبێت بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانەدا کە لەژێر دەستی یاخیبوواندان. بەڵام ڕوون نییە لەم سیاقەدا کە چۆن ئەمەریکا بتوانێت لە ڕوسیا نزیك بێتەوە بێ ئەوەی ئەمە تیشکی نەخرێتەسەر ووردبوونەوەی لەبارەوە نەکرێت، مەبەستم ئەوەیە لە میانەی ئەو مشتومڕە بەردەوامەی پەیوەستە بە ئەگەری دەستتێوەردانی ڕوسیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە، ئەوا تەنانەت هەوڵێکی بچووکی ئەمەریکاش بۆ کارکردن لەگەڵ رووسیادا وەك پیلانگێڕی لێکدەدرێتەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە لەم ساتەوەختەدا و لە ڕووی سیاسییەوە هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەم چەشنە زۆر زۆر زەحمەتە. ڕەنگە ئەمە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام پێم وایە دۆخی سووریا لە ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵی داهاتوودا وەك خۆی دەمێنێتەوە.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ڕکابەریی نێوان سعودیە و ئێران هۆکارێکە بۆ زیاتر ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ناوچەکە و قووڵبونەوەی ناکۆکی و ناسەقامگیرییەکان، بۆچوونی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئەو بارگرژییەی ماوەیەکە لە ئارادایە دەبێت بابەتێکی سەرەکی بێت لە هەر لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەك کە بۆ ناوچەکە دەکرێت. بەڵام لای من ڕوون نییە کە چۆن ئەم ڕکابەرێتییە هێوردەبێتەوە، چونکە ئەوە وەك کێشەیەکی جیوپۆلەتیکی بەردەوام دەمێنێتەوە. لە رووی مێژووییەشەوە ڕۆڵی ئەمەریکا لەم ڕووەوە ئەوەبوو کە هەوڵبدات هانی دەوڵەتە سونییەکان بدات تاوەکو خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆی ئێران لابدەن. بەشێکی کێشەکە لە ئێستادا و لە پەیوەندیدا بە ئیدارەی ترەمپەوە ئەوەیە کە لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا ترەمپ بەڵێنی بە ئەمەریکییەکان داوە کە دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا نەکات. نیگەرانییەکە ئەوەیە ئایا ئەمە هانی تموحەکانی سعودیە دەدات، کە پێدەچێت ئەمە کەیسەکە بێت لە پەیوەندیدا بە سەپاندنی سزاکانی سەر قەتەرەوە.

*** ئەی پێت وایە ڕۆڵی تورکیا چی دەبێت ئایا ئەم وڵاتە دەتوانێت چ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداو و پەرەسەندنەکانی ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە سووریادا؟**

- بەڵێ تورکیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە. بەڵام ئاست و ئەندازەی پشتبەستنی ئەمەریکا بە گروپە کوردییەکان بۆ ئەوەی ئەرکی شەڕکردن لە دژی داعش، بۆتەهۆی ئەوەی بارگرژی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا دروست بکات لەو ڕووەوە کە تا چ ڕادەیەك ئامادەیە پشتیوانی کورد بکات کاتێك تورکیا بەرهەڵستی ئەم کارە دەکات. بەڵام واقیعەکە لە ساڵی ڕابردوودا و لە سایەی هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپدا ئەوەیە ئەمەریکا درێژەیداوە بە هاوکاری لەگەڵ کورددا سەرەڕای بەرهەڵستیی تورکیا، بەڵام ئەمە تەنگژەیەکە کە دەبێت ئەمەریکا ئیدارەی بکات.

*** ئەگەر پێشبینی ئایندەی ئەم ناوچەیە بکەین، ئایا پێت وایە ڕۆژگارێکی دوورودرێژی ناسەقامگیری و نادڵنیایی چاوەڕوانی ئەم ناوچەیە دەکات یاخود پێت وایە ئاماژە و پەرەسەندنی ئیجابی لە ئارادان؟**

لە ڕاستیدا ئەوانە چەمکی ڕێژەیین، چونکە لەلایەك دەتوانین بڵێین کە دەرفەتی سەقامگیری ڕاستەقینە نییە نە لە عێراق و نە لە سووریا و بگرە لە ناوچەکەشدا، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە جیاوازی هەیە لەنێوان ناکۆکییەك کە گەیشتبێتە بنبەست و هاوشان بێت بە توندوتیژییەکی کەم لەگەڵ شەڕێکی گەورە کە قوربانییەکی زۆری لێبکەوێتەوە، هەروەك ئەوەی لە سووریا و یەمەندا بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوە دەکرێت کار بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە بکرێت، ئەگەرچی ئەمە بە مانای هاتنەئارای ئاشتی و ئاسایش نایەت، بەڵام هەرچۆنێك بێت باشترە لەو دۆخەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدیمان کرد.

**ئەوەی پەیوەست بێت بە ئیحتیواکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، ئەوا پێدەچێت ئەمەریکا پاشگەزبووبێتەوە لە لابردنی ئەسەد لە دەسەڵات، واتە ڕوون نییە ئایا پلانی ئەمەریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران چییە لەو وڵاتەدا**


**لە میانەی ئەو مشتومڕە بەردەوامەی پەیوەستە بە ئەگەری دەستتێوەردانی ڕوسیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکاوە، ئەوا تەنانەت هەوڵێکی بچووکی ئەمەریکاش بۆ کارکردن لەگەڵ رووسیادا وەک پیلانگێڕی لێکدەدرێتەوە**

**واقیعەکە لە ساڵی ڕابردوودا و لە سایەی هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپدا ئەوەیە ئەمەریکا درێژەیداوە بە هاوکاری لەگەڵ کورددا سەرەڕای بەرهەڵستیی تورکیا، بەڵام ئەمە تەنگژەیەکە کە دەبێت ئەمەریکا ئیدارەی بکات**

# دەوڵەت لە ویستی گشتیدا نەتەوە وەکو ستەملێکراوێکی چینایەتی

(ویستی گشتی) ئەو داوایەیە کە هەموو کۆمەڵگە لەسەر بابەتێك کۆك دەبێت، بەمانایەکی هاوچەرختر (فەزای گشتییە) ئەم چەمکە بۆ قەوارەی سیاسی لەبنەڕەتدا بۆ قازانجە، ئەمە تیۆرەکەی (ژان ژاك رۆسۆ)یە کە مانای قازانجی گشتییە، لەراستیدا ویستی گشتی کە ئەویش سوودی گشتییە و بچووککردنەوەیەتی لە پێوەری ئەخلاقیدا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی گشتییە، ئەمە پێشتر کاری بۆ کراوە و دواتر لە یاسا و دەستووری دەوڵەتدا رەنگیداوەتەوە، رەخساندنی زەمینە بۆ موڵکییەتی شەخسی و گشتگیرکردنی سوودەکانی خۆشیی ژیان لەسایەی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی و سوودگەراییە لەبوارە جیاجیاکاندا، هەروەها پاراستنی فەرهەنگی گشتی و سنووردارکردنی مەسەلەی ئایین و لەبەرچاوگرتنی ئایینی زۆرینە و هتد، بەشێکن لەو کۆمەك و ویستە کۆمەڵایەتییەی کە دەبێتە بنەما بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتی کە دواجار سیاسەت دەیکات بە بەرژەوەندیی تایبەتی. ئەم ویستە کە قازانجێکە هەم بۆ هاووڵاتی کە گرێبەست لەگەڵ حکومەت و دەوڵەت دەکات، تاکو لە رێگەی دەستوورەوە کە دیاریکردنی ئەرك و مافە، ئەویش گۆڕینەوەی سووە لەرێگەی کار و خزمەتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتەوە، هەڵبەت ئەم گرێبەستە سیاسییەی نێوان دەوڵەت لەرێگەی دەزگاکانیەوە و هاووڵاتی وەکو هێزی کاری خۆی و فکری بۆ خزمەتکردنی دەزگاکان، ستایلێك بوو کە تا هاتنی پۆست مۆدێرنە بەردەوام بوو و لەنێو دەستووریشدا رەنگیدابۆوە، بەڵام ئێستا دەوڵەت بەوپێیەی کە هەموو سیاسەتی کارگێڕیی خۆی رادەستی کۆمپانیاکان کردووە لەسەرانسەری دنیادا، ئیدی گرێبەستەکە لەجیاتی ئەوەی لەنێوان دەوڵەت و هاووڵاتی بمێنێتەوە، بووە بەگرێبەست لەنێوان کۆمپانیا و کرێکار یان فەرمانبەر و خاوەن فکرەکان، ئەمەش هەم بۆ گۆڕینی ستایلی حوکمڕانییە و خۆدزینەوەیە لەخزمەتگوزاری بەناوی ئازادیی بازرگانیکردن و بازاڕ، هەم بۆ خۆدوورخستنەوەی دەوڵەتە لە مەترسی خۆپیشاندان و گروپە سیاسییەکان، لەهەردوو بارەکەشدا گروپە سیاسییە دەستەبژێرەکان دەستی خۆیان وەشاند لە هاووڵاتی و گۆڕینی ویستی گشتی بۆ دەوڵەت لە رێگەی ئەو تەکنیکە سیاسییەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم تیۆرە تەنها بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە دەوڵەتیان هەیە، نەك کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستانی کە هێشتا لەسەروبەندی چارەسەرکردنی ئەو گرێ دەروونییەیە کە ئەویش سەربەخۆیی قەوارەی دەوڵەتە و کەچی لە ئاستی نێوخۆییدا خراپتر مامەڵە لەگەڵ ریفراندۆم بۆ چارەنووسی خۆی دەکرێت، وەکو ئەوەی لە ئاستی دەرەوە کە بەشێکیان نەیارەکانین و بەشێکیشیان دۆستەکانی.

بەپێی قسەی لینین بێت کە دەڵێ «دەوڵەت بەر لەقۆناغی کۆیلایەتی نەبووە و کۆمەڵگەش دابەشی سەر هەردوو چینی کۆیلە و خاوەن کۆیلە دابەش نەبووبوو، هیچ دەزگایەکی تایبەتیش نەبوو کە دەزگای دەوڵەتە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوەیەکی سیستماتیك تاکو خەڵك ملکەچ بێت، بەڵام دوای ئەوەی چەندساڵێك کۆمەڵگەی بەشەری دوورکەوتەوە لەو حاڵەتە وەحشیگەرییە، بۆیە لەو وەختەدا هیچ دیاردەیەکی سەلمێنەری دەوڵەتمان لەبەردەستدا نییە، تەنها گەورەیی و ئەو نەریتەی کە شێخەکان بەکاریان دەهێنا، تەنانەت ژنان لەوکاتەدا، مەزڵوم و ژێردەستەی پیاو نەبوون، هەروەها هیچ توێژێکیش نەبووە دابڕاوبێت لەکۆی خەڵك و حوکمی



سمكۆ محەمەد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خەڵك بكات و دەزگای توندوتیژی و دەزگایەكیان هەبوویێت بۆ كۆشكی سەرۆك، هەروەك ئەوەی ئێستا هەیە، یان ئەوەی سوپای سەركوتكەر و زیندانیان هەبوویێت وەك ئەوەی دەوڵەت پێویستی پێیەتی. بەڵام كە قۆناغەكانی بەشەرییەت گەشەی كردو دەوڵەت بوو بەویستێكی گشتی هەم بۆ نەتەوە ژێردەستەكان وەكو لینین خۆی باسی دەكات لە هەردوو كتێبی دیاری كردنی چارەنووس و دەوڵەتی لینین، ئیدی دەوڵەت بوو بەمافی هەر نەتەوەیەك كە خەباتی بۆ دەكات.

كەواتە بەپێی ئەو تێگەیشتنە بێت كە لینین باسی دەكات، دەوڵەت وەك بیرۆكەیەكی فەلسەفی و دامەزراوەیی بەنیسبەت مێژوو دیاردەیەكی نوێیە و نموونەی دەسەڵاتێكی نامۆیە ئەگەر نەبێتە خێروبێر بۆ نەتەوەكان، لەسەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە كە مەترسییەكانی دەسەڵاتی دەوڵەت هاتنە ئاراوە، فەیلەسوفەكان بەبێ ئەوەی ئاگایان لەبۆچوونی یەكتر هەبێت رەخنەیان لەو ژیانە سیاسەتە گرت و بەشێوەیەكی دیكەی ژیان و یاسای ئاژەڵی، بەڵام بەعەقڵی مرۆڤ خەملاند، نیچە دەڵێ «دەوڵەتی ستەمكار گروپێك ئاژەڵی سركی دڕندە و بێ تووك و سپی پێستن، گروپێك لەشكری بەڕێزن، بەهەموو سیستمە جەنگی و هێزە رێكخراوەكەیانەوە، بەچنگە ترسناكەكانیانەوە شاڵاو دەبەنە سەر خەڵكێكی زۆر كە رەنگە لەرووی ژمارەوە زۆر لە خۆیان زۆرتر بن، بەڵام هێشتا سیستمێكیان بۆخۆیان دانەڕشتووە كە بارودۆخی خۆیان پێ دیاری بكەن، ئەمە بنەچەی دەوڵەتە، (لیستەر وۆرد) یش دەڵێت (دەوڵەت وەك شتێكی جیاواز لە سیستمی هۆزگەرایی ئەو كاتە دەستپێدەكات كە رەگەزێكی مرۆیی پەلاماری رەگەزێكی دیكە دەدەن)، هەروەها (هۆنهایمەر) دەڵێت: (چاو بەهەر لایەكدا بگێڕێت دەبینیت هۆزێكی جەنگاوەر پەلاماری سنوورەكانی هۆزێكی تر دەدەن، كە هێندەی ئەوان خۆیان بۆ جەنگ تەیار نەكردبێت، دواییش لە خاكی ئەو هۆزە نائامادەیەدا خۆیان وەك گروپی چاودێر جێگیر دەكەن و دەوڵەتی تێدا دامەزرێنن). (تانیهۆفەر)یش دەڵێت: (توندوتیژی ئەو ئامرازەیە كە دەوڵەتی خوڵقاندووە). (گامپلۆ ویز) دەڵێ (چینێكی فەرمانڕەوا لە سەركەوتووەكان بەسەر سەری دۆڕاوەكانەوەن) سیمنەریش دەڵێت: (دەوڵەت ئاكامی هێزە و هەمیشە پاڵپشتی هێزێك دەمنێنێتەوە)». ئەم حاڵەتە ئێستا بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریی كورددا پراكتیك دەكرێت، هەروەك ئەوەی كە دروستكردنی دەوڵەت بۆ كورد بە جەستەیەكی نامۆ دەبینین لە جەستەی سیاسیی خۆیاندا.

بەپێی تیۆری چەپگەرایی بێت دەوڵەت لە ویستی گشتیدا، بریتییە لە نوێنەرایەتیی خەڵك لە رێگەی هەڵبژاردنەوە بۆ دامەزراندنی شورایەك كە لەرێگەی كۆنگرەی نیشتیمانییەوە ساز دەكرێت وەكو كارتێكی فشار بەسەر دەوڵەتەوە لەلایەن خەڵكەوە كەبەشێك بوونە لەدامەزراندنی دەوڵەت و سیستمەكەی، سەرەتا ئەم هەوڵە بۆ گفتووگۆ بووە لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتداران، هۆكارەكەشی مافی هاونیشتیمانی بووە بەسەر سیستمی دەوڵەتەوە، لەروویەكی دیكەوە فشاری خەڵك بۆ ئەو جۆرە رێكەوتنانە بووە كە لەنێوان دەوڵەت و ئەوانی تر بووە، بەتایبەتی رێكەوتنی نێودەوڵەتی كە بریتی بووە لە (دیاریكردن و لێبووردبوونەوە) لەرێكەوتنەكان، مەبەست لەو لێوردبونەوە و رێكەوتنە لەو وڵاتانە بووە كە خاوەنی هێزی سەربازی و سیاسی و ئابورییەكی بەهێزیان هەبووە، لەم كاتەدا خەڵك دەوڵەتیان لە مەترسیەكانی

ئەو ڕێکەوتنانە ئاگادار دەکردەوە، هەروەها شۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆژیا یەکێك بووە لەو مەترسییانەی کە خەڵك و چەپەکان هەستیان پێکردووە لەوەی نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی زلهێزەکانی دنیا، لایەنێکی دیکەش بەشداری و ویستی خەڵك بۆ ئەوە بووە کە دەوڵەت بەشدار بێت لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە کە جۆرێك لە قەناعەت پێهێنانی دەوڵەتی بێهێز بووە لەپێناو مانەوە و فراوانبوونی ئیمپریالیزمی جهانی، بەتایبەتی ئەوکات سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی پێهاتبوو و جەنگی سارد دەستیپێکردبوو، بۆیە بۆ خەڵکی بەشداربوو ئەو جۆرە داواکارییە ڕەوایەتی بەخشی بوو لەرووی دەستوورییەوە.

لەبارەی ئەوەی کە پرسیار دەکرا چۆن گەلانی هەموو دنیا بەشداریان کرد لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیان، وەڵامەکە ئەوەیە کە دوای ئەوەی زیاتر لە ٧٠ دەوڵەت خۆیان لە داگیرکاری ئیمپریالیزم رزگار کرد، دوو لایەنی چۆنایەتی و چەندایەتی هەبوو، لەرووی چەندایەتییەوە مەسەلەی رزگارکردنی جوگرافیابوو کە پەیوەندی بە رزگارکردنی رووبەری خاك بوو، لایەنێکی تر ئەوەبوو کە چۆنایەتی بوو، مەسەلەی پەیوەندیی دەوڵەت بوو بەسیاسەتی نێودەوڵەتی و بزووتنەوەی گەلان و هاندانی گەلانی تر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزم و سنووردانان بۆ جەنگ و هەماهەنگیی دەوڵەت لەپێناو یەکسانی و مەنفەعەتی گشتی، هەروەها نەهێشتنی ڕەفتاری خراپ کەڵك وەرگرتن لەخەڵك لەلایەن ئیمپریالیزمەوە و پەیوەندیی گرتنی هەموو دەوڵەتان کە پەیوەندیی نێوان گەلان. ئێستا ئەو ستایلە لە ئیمپریالیزم نەماوە، بەڵام هێزی ستەمکاری لۆکاڵی جێگەی گرتۆتەوە و ئەم ویستەی وەکو کودەتا لەسەر دەوڵەتی ناوەندی پێناسە دەکات بۆ جەماوەر و هێزە یارەکانی خۆی.

ئەگەرچی دەوڵەت بۆخۆی چەمکێکی سەربەخۆیە و پێناسەکەمان لەسەرەوە کرد، بەڵام سەرباری ئەوەی کە ویستی گشتییە، مانایەکی دیکەی وەرگرتووە کە بریتییە لە بەرژەوەندیی پاراستنی چینێك کە بۆرژوازییە و هەر بۆ ئەوانیش ژیان فەراهەم بووە « بەپێی چەمکە هیگڵیەکە بێت سەبارەت بەدەوڵەت پەیوەندی بەسەردەمانێکەوە هەیە کە گەشەکردن و پەرەسەندنی بۆرژوازی بەشێوەیەکی نادیاریکراو دەردەکەوت و لەئەنجامدا، لافلێدانی چییەتی ئاکاری و جیهانگرەوە بۆ دەوڵەتی بۆرژوازی لەژێر ئەم بەیداخەدا فەراهەمدەبێت، لە کۆتاییشدا ڕۆژێك هەموو جیهان دەبێتە بۆرژوازی، بەڵام لە راستیدا تەنها چینێك دەتوانێت دەوڵەتێکی ئاکاری بخووڵقێنێت کە لەناوبردنی خۆی و دەوڵەتی وەك ئامانج بۆ خۆی لەبەرچاوگرتبێت، بەکورتی تەنها چینێکی وەها دەتوانێت دەوڵەتێکی وەها بخولقێنێت، بەمەش کۆتایی بەدووبەرەکی نێو هەژاران بهێنێت و ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی وا پێکبهێنێت کە لە یەکێتیی تەکنیکی ئاکاری بەهرەمەند بێت. بەڵام بەپێی چەمکە مارکسییەکەی کە هەم مارکس پێش مردنی لە کتێبی (حول المسألة القومية) باسی دەوڵەتی کردووە و لەوێ باسی کێشەی چارەسەرنەکراوی مەجەرستان دەکات و دواتریش ئەنگڵس لە کتێبی (اصل العائلة والملكية خاصة والدولة) بنەچەی خێزان و خاوەندارێتیی تایبەت و دەوڵەت، باس لەو ژیانە سیاسییە دەکات کە چۆن دەوڵەت وەکو ئامرازێك وایە بەدەستی کۆمەڵێك سیاسییەوە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی چینایەتی و ئامرازێکیشە بۆ سەرکوتکردن لەرێگەی سوپا و ئەمنییەت و ئابووری، بۆیە سەرخانەکەشی هەمان رەنگدانەوەی ئەو ستایلە سیاسییە دەبێت و بەدەست چینێکەوە بۆ سەرکوتکردنی چینێکی تر، لەوەش واوەتر گروپێکی سیاسی بەسەر گروپێکی سیاسییەوە کە پێناسەیەکیان نییە بۆ قەوارەی نەتەوەیی خۆیان.

دوابەدوای ئەو ستایلە سیاسییەی کە شۆڕش سیمای دەوڵەتی گۆڕی، تاکو کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیستەم، ساڵی ١٩١٧ شۆڕشی ئۆکتوبەر بەرابەرایەتیی لینین، دەوڵەتی قەیسەریان رووخاند و دەوڵەتی سۆڤیات بوو کە دواتر بەدەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناوی دەرکرد، ئەمە هەوڵێکی دیکە بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك لە رێگەی هێزی جەماوەرەوە، ئەرکێکی دیکەی وەرگرت، ئەویش دەربڕو نوێنەری بەرژەوەندییە گشتییە مەدەنییەکانە، هەروەها وەك رێکخەرێکی گشتی، هێشتا رەنگ و رووی کۆنی پێوە ماوە، تەنها لەم ١٠ ساڵی دواییەدا نەبێت کە ستایلی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام دەوڵەت وەکو ئەنجامێکی دژایەتی و نەیارێکی ناکۆکییە چینایەتییەکان، وەك رشتێك بۆ ترس و کارو کردەی بەتاڵ دەبێتەوە بەسەردەچێ، ئێستا خەریکە چینەکان نامێنن و سنوورەکان دەسڕدرێنەوە و لەبەین دەچن، بەڵام دەوڵەت وەك شێوەیەك لەشێوەکانی رێکخستنی گەل و هاووڵاتیانی سەر گۆی زەوی لە ئایندەدا هەر دەمێنێ، هەروەها رۆڵی دەوڵەت وەك ئامانجێکی گەشەکردنی دۆزو و کێشە جهانییەکان، یان گەردوونییەکان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، لەبن نەهاتنی بەروبووم و داهاتە زەمینییەکان، کەمبوونی وزە پاراستنی دارستانەکان و زەوییە چێنراوەکان، پیسبوونی گۆی زەوی و ئاو هەوا، زۆرانبازی لەگەڵ کارەساتە سرووشتییەکان و هتد. بەبەردەوامی لە گەشەسەندندا دەبێت. بۆیە ستەملێکراوەکان وەکو نەتەوە و کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، مافی خۆیانە ئەم ویستە گشتییە پراکتیك بکەن ببن

ویستی گشتی کە ئەویش سوودی گشتییە و بچووککردنەوەیەتی لە پێوەری ئەخلاقیدا بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی گشتییە، ئەمە پێشتر کاری بۆ کراوە و دواتر لە یاسا و دەستووری دەوڵەتدا رەنگیداوەتەوە، رەخساندنی زەمینە بۆ موڵکییەتی شەخسی و گشتگیرکردنی سوودەکانی خۆشیی ژیان لەسایەی ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کۆمەڵایەتی و سوودگەراییە لەبوارە جیاجیاکاندا

دەوڵەت وەک بیرۆکەیەکی فەلسەفی و دامەزراوەیی بەنیسبەت مێژوو دیاردەیەکی نوێیە و نموونەی دەسەڵاتێکی نامۆیە ئەگەر نەبێتە خێروبێر بۆ نەتەوەکان، لەسەرەتای سەرهەڵدانی مۆدێرنەوە کە مەترسییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت هاتنە ئاراوە، فەیلەسوفەکان بەبێ ئەوەی ئاگایان لەبۆچوونی یەکتر هەبێت رەخنەیان لەو ژیانە سیاسەتە گرت

بە دەوڵەتێك بەمەرجێك پێكەوە ژیان و لێبووردەیی تیابێت.

لینین لە سیمینارێكدا سەبارەت بەدەوڵەت گوتوویەتی «ماركس هەموو هەوڵەكانی بۆ پەروەردەكردنی چینی كرێكار ئەوەبوو سەبارەت بەدەوڵەت و مەسەلەی شۆڕشی سۆسیالیستی تەنها بۆ ئەوەیە كە دانبنرێت بە بوونی پرۆلیتاریا و دیكتاتۆریەتی سیاسی، چونكە ئەو دەسەڵاتە هیچ دابەشكارییەكی تێدانییە تەنها پشت بەهێزی جەماوەری چەكدار دەبەستێت، بۆرژوازیەتیش ناتوانێ ڕێگەیەكی دیكە دیاریبكات كە پرۆلیتاریا دەگۆڕێت بۆ چینێكی جێكەوتە كە دەتوانێ بۆرژوازیەت سەركوت بكات، ئەم حەتمییەتەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە كە جەماوەری خەڵك و پرۆلیتاریا بۆ بەرگریكردن لەخۆیان و سیستمێكی ئابووری نوێیە، دواتر ئەو تێبینییەش هەیە كە ئەگەر پرۆلیتاریا دەوڵەتی وەكو نەهێشتنی سەركووتكردن و ڕێكخستنەوەی ژیانی بێ چینەكان مامەڵە بكات، ئایا پرۆلیتاریا ئەو دەوڵەتەی بۆچییە كە بۆرژوازی دایمەزراندووە؟ ئەمەیە كە ماركس لەكاتی خۆیدا ساڵ ١٨٤٨_ ١٨٥١ موناقەشەی كردووە مەبەستی لینین ئەوەبووە كە مادام جەماوەری ڕەشورووت بەمەبەستی ویستێك كە گشت هەیانە بۆ دەوڵەت دروست كردن، ئیدی مافی خۆیانە كە دوای دروستبوونی ئەو قەوارەیە خۆشگوزەرانی بەرقەرار بێت، نەك جارێكی دیكە ژیان بریتی بێت لە دوو فەزای چینایەتی لەڕووی سیاسی و فەرهەنگی و كۆمەڵایەتییەوە، بەو مانایەی كە لە تەواوی شۆڕشەكان شاهیدی بووینە و دوای شۆڕش و دەوڵەت دنیا بەتەواوی بەرەو خراپی گۆڕاوە.

هەڵبەت ڕوویەكەی دیكەی سەرمایەداریی هاوچەرخ كە لە دوای گلۆبالیزەیشنەوە هاتووە واتە دوای ڕوخانی سۆڤییەتی جاران، لەنەمانی دەوڵەت وەكو حاڵەتێكی مەترسیدار، ئەوەیە كە ئەم سیستمە لەوە دەترسێ هەتا لەنێوخۆیدا بمێنێتەوە لەڕووی سەرمایەگوزارییەوە كە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە، ئیدی قەوارەكە لەبەین دەچێ، بەحوكمی ئەوەی كە ژیانی ئینسان بەهۆكاری هەر سیستمێكەوە بێت، هەمیشە لەئاڵوگۆڕدا دەبێت. بۆیە بەشێك لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی هەیبەت و موڵكییەت بۆ بنەماڵە و ماڵی پاشا بۆ داهاتووی دەوڵەت، كایەی سیاسییان سەربەخۆ كردووە و لەپەنا سیستمی پاشایەتی، سیستمی پەرلەمانیان داناوە و هەرچی سیاسەتی قەوارەی دەوڵەتەكەیە سەپێردراوە بەو دەزگا تەشریعییەی گوایە بەدەنگی خەڵك هەڵبژێردراوە، هەروەها هەر ئەو سیستمە پاشایەتییە سەرمایەگوزارییان بەگشتی لە دەستی دەوڵەت دەرهێناوە و خستوویانەتە دەستی كەرتی تایبەت و چۆتە دەرەوەی قەوارەی دەوڵەت، بۆ ئەوەی هەم دەوڵەت پیرۆزییەكەی بمێنێ و هەم سەرمایەداری وەك سیستم لەناونەچێ بەدەستی چینی خوارەوە و كرێكاری یەخەسپی كە چینی مامناوەندە ئێستا لەرۆژئاوا، بۆیە تەنانەت لەئاستی فەرهەنگی و كولتووریشدا هەمان ستایل هەیە بۆ مانەوەی قەوارەكە وەك دەوڵەت و وەك سیستمی جیهانی، هەروەك ئەوەی لە زانكۆكان دەوڵەت جگە لە كۆمەڵە دەزگایەك بۆ خزمەتكردنی ئینسان زیاتر هیچی تر نییە، لەڕووی فەلسەفیشەوە وانەیەكە بۆ مانەوەی قەوارەكە كە خاوەن ڕەگەزەكان و نەتەوە ژێر دەستەكان قەناعەتیان پێی هەیە و لە دیموكراسیدا زیاتر دەردەكەوێ، وەختێك هەڵبژاردن دەكرێت و خاوەن ناسنامەی دیكەش بۆیان هەیە خۆیان بپاڵێون بۆ پارلەمان، ویست لێرەدا مانا فەلسەفییەكەی دەردەكەوێت كە هەموو كۆمەڵگە و قەوارەی نەتەوەكە هۆشیار بن بەرامبەر ویستەكەی خۆیان، ئەم ویستە لەو شوێنەدا لە چینی ستەملێكراو هەستپێدەكرێت، وەختێك دەبینین كە بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی، چینە ستەمكارەكە بەجەستەیەكی نامۆ دەیبینێ.

---

١. فلادیمیر ئیلیج لینین. الدولة. محاضرات القیت فی جامعة سفیردلوف. تموز ١٩١٩ . دار التقدم موسكو. ل١٠.

٢. ویل دیورانت. مێژووی شارستانێتی. بەرگی یەكەم. وەرگێڕانی بۆكوردی. ئازاد بەرزنجی . نەبەز كەمال نوری. دانا ئەحمەد مستەفا. دەزگای سەردەم. ل٦٧.

٣. بەشداری كردنی خەڵك لەو كۆنگرانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەراكانیان و هەڵبژێردراوەكانیان بووە لەپارێزگا و شارە بچووكەكانەوە بووە، تاكو بكرێت بە فشارێك بەسەر دەوڵەت و سیستمەكەی وەكو بەشداربووەیەكی دامەزراندنی دەوڵەت و شۆڕش كە بەشێك بووە لە گۆڕینی سیستمی دەوڵەت، ئەم نەریتە لە دەیەی حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواو و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی عەرەبی هەبووە بەتایبەتیش لە میسر و یەمەن.

٤. ودیع امین. حركة التحرر الوطنی و اسهامها فی الانفراج الدولی الراهن. مجلة الطلیعة. السنة التاسعة ١٩٧٣

٥. ئانتۆنیۆ گرامشی. دەوڵەت و كۆمەڵگەی مەدەنی. وەرگێڕانی. مامەند ڕۆژە. بڵاوكراوەكانی خانەی وەرگێڕان لەوەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان. ساڵی ٢٠١١. ل١١٧.

**ڕوویەكەی دیكەی سەرمایەداریی هاوچەرخ كە لە دوای گلۆبالیزەیشنەوە هاتووە واتە دوای ڕوخانی سۆڤییەتی جاران، لەنەمانی دەوڵەت وەكو حاڵەتێكی مەترسیدار، ئەوەیە كە ئەم سیستمە لەوە دەترسێ هەتا لەنێوخۆیدا بمێنێتەوە لەڕووی سەرمایەگوزارییەوە كە بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە، ئیدی قەوارەكە لەبەین دەچێ، بەحوكمی ئەوەی كە ژیانی ئینسان بەهۆكاری هەر سیستمێكەوە بێت، هەمیشە لەئاڵوگۆڕدا دەبێت**

**ویست لێرەدا مانا فەلسەفییەكەی دەردەكەوێت كە هەموو كۆمەڵگە و قەوارەی نەتەوەكە هۆشیار بن بەرامبەر ویستەكەی خۆیان، ئەم ویستە لەو شوێنەدا لە چینی ستەملێكراو هەستپێدەكرێت، وەختێك دەبینین كە بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆی، چینە ستەمكارەكە بەجەستەیەكی نامۆ دەیبینێ**

# ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانییە

> **ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی مەبەستداره لەسەر پرەنسیپ و یاساکانی نێودەوڵەتی، لە تەرازووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش شەرعییەتی هەیەو ڕێگه پێدراوه**

بێ توانج: بەلامەوه زۆر سەیره کاتێك پرسیار ئاراستەی خەڵکی کوردزمان دەکرێ لەبارەی زانینی بۆچوونیان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان! وەڵامەکان هەندێکی بەڵێ دەبن و بەشێکیش نەخێر! لە راستیدا دەبێ ئەم پرسیاره ئاراستەی نەتەوەکانی تر بکرێ، نەك خودی کورد، چونکه ئەم پرسه چەنده نەتەوەییه ئەوەندەش پەیوەسته به ئایین، بۆیه نابێ لە هیچ کام لەم دوو روانگەوه (ئایینی+نەتەوەیی) سازش لەسەر ئەنجامنەدان، یان دواخستنی (ریفراندۆم) لە وادەی دیار کراوی خۆی بکرێ، چونکه ئەمه دەرچەیەکه بۆ رزگاربوون له دەست ستەمکاران و هەموو نەهامەتییەکان که ساڵەهای ساڵه بەسەرمان هاتوون.

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی مەبەستداره لەسەر پرەنسیپ و یاساکانی نێودەوڵەتی، لە تەرازووی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش شەرعییەتی هەیەو ڕێگەپێدراوه، چونکه چەندین بنەماو قاعیدەمان هەیه لە ئیسلام بۆ ئەم مەبەسته، ئەگەر لە روانگەی قورئانی پیرۆزەوه تەماشا بکەین، خودای گەوره دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)سورة الحجرات/١٣، هەروەها دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِلْعَالِمِينَ) سورة الروم/٢٢. ئەگەر سەرنج بدەین لەم دوو ئایەته پیرۆزه به روونی ئەوه نیشان دەدرێ که خودا مرۆڤی به تێکرا لە چەندین و گەل و هۆز، به کەلتوور و زمان و دەنگ و رەنگی جیاواز دروست کردوون، بۆ یەك مەبەست، ئەویش یەکتر ناسین و گۆڕینەوەی ئایدیای جیاوازو ئاشنابوونه به یەکتری، دەی که مرۆڤ خاوەنی خۆی و کیانێکی تایبەت نەبێ، چۆن دەتوانێ دەستی بگات بەم یاسا زێڕینەی پەروەردگار، چونکه هەزارەها کیشەو ئاریشەی بۆ دەخولقێنرێ ئەگەر سەر هەڵبێنێ، کەواته چۆن خودا به کوردی خەڵقی کردووین و هەڵگری ڕێبازێکی جوانی دینداری کوردەوارین به هەمان شێوه پێویست دەکا وەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان خاوەنی کیانێك بین که گوزارشت لە ویست و ئیرادەی گەلی گورد بکات .

ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو پەیامێکی جوانی ئاسمانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ و دەرهێنانی له ژێردەستی و چەوساوەیی هاتووه، بەردەوامیش ئازادی مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانی پیش هەموو شتێك خستووه، چونکه هەر تاکێك که ژێردەست بوو، ئازاد نییه، که ئازاد نەبوو، نرخی مرۆڤبوونی بۆ دانانرێ و وەکو کۆیله مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ، بەم جۆره تا دەگاته ئەم ئەندازەیه که نەتوانێ عیبادەت و پەرستشی شایسته بۆ خودا بکات، ئەم جۆره مامەڵەیه له ئیسلامدا قابیلی قبووڵ نییه، چونکه ئەم دینه جوانه بۆ ڕێزداری و بەها مرۆیەکان و دروستکردنی نەوەیەکی تەندروست و فەراهەمکردن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی گشتی هاتووه لە چوارچێوەی خۆی،



مەلا محەمەد مەلا زبێر بەرزێوەیی
قوتابی دکتۆرا زانکۆی سەلاحەددین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەلایەکی ترەوە کاردەکا بۆ لابردن و نەهێشتنی خراپەکاری بە هەموو جۆرەکانیەوە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەمە یاساو قاعیدەیە لە فیقهی ئوسووڵ پێی دەوترێ: (جلب المصالح ودرء المفاسد)، کەواتە لە گرنگترین بەرژەوەندییەکانی ئیمەی کوردیش بە هەموو قاڵبێکی شەرعی و قانونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و .. هتد، بوونمانە بە خاوەن دەوڵەت کە تێکڕای مافەکانمانی تێدا بەرجەستە ببێت. خاڵێکی تری بەهێز کە وەکو پشت پێ بەستن و بنەما لە روانگەی ئاینەوە بۆ ئەم پرسە ئەوەیە کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی فاکتەرێکی زامنە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، ئەمەش کارئاسانی و یارمەتیدەرێکی زۆر بەهێز دەبێ لە هەموو بوارێکدا بۆ خزمەتی گەل بە پێی زەمەن و کات و نەوە بۆ نەوە بێ جیاوازی لەنێوان تێکڕای بیروبۆچوونەکان، هەروەها بۆ هەمیشە کارەکتەرێك دەبێ بۆ لابردنی زیان و نەهامەتییەکان و بەرپەرچدانەوەی گشت دەستدرێژییەك بۆ سەر خاك و خەڵك لە هەموو لایەکەوە، وە قەڵایەك دەبێ بۆ پاراستنی (دین و عەقڵ و خوێن و ماڵ و ناموس)، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش لە پای شتەکانی تر بۆ پارێزگاری و داکۆکیکردن بۆ ئەم پێنج مەبەستانە هاتووە کە بە (الضروريات الخمس) ناسراون.

خودای گەورە هەمیشە کارئاسانی بۆ بەندەکانی ویستووە، لە چەندین شوێن لە قورئانی پیرۆز باسی دەکات و دەفەرموێ: (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) البقرة/١٨٥. (وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ) سورة الحج/٨٧. مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردو سەربەخۆیی دەچێتە خانەی کارئاسانی و جۆری یارمەتی بۆ خەڵك، ئەمەشیان بنەمایەکە لە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام.

سڕینەوەی ناسنامەو هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت بە هیچ شێوەیەك لە بەرنامەی ئیسلامدا نییە، چونکە ئەوە حەزرەتی (رسول الله صلی الله عليه وسلم) فەرموویەتی هەموو نەتەوە جیاوازەکان لە خزمەتی دەوڵەتدا دەبن (عەرەب+کورد+فارس+رۆم+حەبەشی و.. هتد) و هەرگیز نەیفەرمووە بە حوکمی بوونتان بە ئیسلام ناسنامەکانتان بگۆڕن، بۆ هەر شوێنێکیش کەسێك دانراوە بۆ جێبەجێکردنی بریارو راسپاردەکانی ئیسلام، کەواتە هیچ بەربەستێك نییە لە روانگەی ئایین و دیدی زانایانی بواری فیقه و شەرع بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ و تازە بۆ هەر نەتەوەیەك، چونکە ئەمە دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ ئیسلام لە جیهان، هاوکێشەکانیش لە بەرژەوەندیی موسڵمانان دەبن و بە هەیمەن و نفووسی زیاتر هەیبەتی ئیسلام وەکو خۆی نیشان دەدات.

بۆیە پێویستە هەموومان بە تێکڕای چین و توێژەکان کیشەکانی (سیاسی، حزبی) وەلا بنێین و بە یەك دەنگ بەرەوپیری ئەم دەرفەتە زێڕینە بچین و بە دەنگی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی چەندەها ساڵەی ئەم نەتەوە خێر لە خۆ نەدیوە دەست بخەین. چونکە ئەمە ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانییە.

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو پەیامێکی جوانی ئاسمانی بۆ رزگارکردنی مرۆڤ و دەرهێنانی لە ژێردەستی و چەوساوەیی هاتووە، بەردەوامیش ئازادی مرۆڤ و بەرژەوەندیەکانی پێش هەموو شتێک خستووە**